https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.8

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# خەسارناسیی سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان

محەمەد کەریمخان[1]

mohamad.karimkhan@gmail.com

**پوختە:**

بەپێی هەوراز و نشێوی ئابووری و دۆخی سیاسیی کوردستان، ئابووریی سیاسی و سیاسەتی ئابووری زۆر چنراو نییە و نەگەیشتۆتە ئاستی سەرەتایی پەرەسەندن و ستراتیژی بڵندمەودا. ئەو پێشکەوتنە ڕوواڵەتییەی کە هەشیبووە زیاتر ڕووی گەشەی هەیە نەک پەرەسەندن. سەرەڕای دۆخەستڕاکچەری- سیاسییەکەی یەکێک لە هۆکارەکانی زیانباربوونی ئابووری، نەبوونی تیۆری گونجاو و کزیی زانستی سیاسەتدانانە. لەم نووسینەدا هەوڵ دراوە سیاسەتی ئابووری بە مەبەستی پەرەسەندن لە چوارچێوەی تیۆری دامەزراوەگەرایی نوێ، کە تیۆرێکی شیاوی خۆماڵیکردنە، خەسارناسی بکرێت و سەیری ڕەوتی سیاسەتی ئابووریی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی ڕێکاری باش بۆ ڕستنەوەی سیاسەتی ئابووری لە داهاتوودا بدۆزرێتەوە. پرسیاری سەرەکیی ئەم نووسینە ئەوەیە کە هۆیەکانی کزیی سیاسەتی ئابووریی کوردستان چین؟ لە وەڵامی گریمانەییدا ڕەنگە بەشێک لە هۆکارەکانی لەرزۆکیی ئابووری، لاوازیی سیاسەت و نەناسینی دۆخی تایبەتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و تاک ڕەهەندبینی بێت.

**وشە کلیلییەکان:** حکوومەتی کوردستان، تیۆری دامەزراوەگەرایی نوێ، سیاسەتدانان، سیاسەتی ئابووری و خەسارناسی.

## خەسارناسیی سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان

### پێشەکی

سیاسـەتدانان ئەو ئـامرازە گـرنگەیە کە وەک سـوکانی گەیشـتن بە ئامانجەکـان، بەدەر لە زانسـتی پسـپۆڕی و تـایبەتی، بە هەمـوولابینی و لێزانی لە زانستە پەیوەندیدارەکانی تر کارێک بەڕێوەدەبات. یەکێک لە هەڵە باوەکـانی وڵاتـانی پەرەنەسـەندوو ئەوەیە کە بە دیـدگایەکی تەواو پسپۆڕگەرایی، درێژ و تەسکبینی و بەبێ سەرنجدانە ڕەهەندی جۆراوجۆر و قووڵ، کاری بەڕێوەبردن دەکرێت. ئەگەر سەرنجی وڵاتانی هاوشێوەی خۆمان بدەین دەبینین کە یەکێک لە هۆیەکانی نەگەیشتن بە ئامانج، لاوازی و نەبوونی سیاسـەت بووە؛ چونکە کـاری بەڕێوەبردن بە ئەندازیاران و پسپۆڕانی یەک زانست و بوار سپێردراوە. ئەوەی لێرەدا جێی گرنگیدانە خەسارناسـیی (Pathology) سیاسـەتی ئـابوورییە لە وڵاتـدا؛ ئەگەر بمانەوێ بە یەک ڕستە باسی خەسارناسیی دۆخی ئابووری بکەین دەبێ بڵێین لاوازیی زانستی سیاسەتدانان و نەبوونی سیاسـەتێکی هەمەلابین و ڕەچاونەکردنی دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەمنیەتی ڕۆیشتن بەرەو ئامانجگەی تووشی بنبەست کردووە.

سیاسـەتی ئـابووری ئەو کـۆمەڵە سیاسـەتانەن کە بەپێـی دۆخـی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی بە چاوێکی هەمەگۆشەبین و دووربین بە کەڵکوەرگرتن لە زانسـتی سیاسـی و ئـابووری ئامانجێک دیاریـدەکات و هەوڵـدەدات لە مـاوەیەکی دڵخـوازدا بگـاتە نزیک ئەو ئامـانجگەیە. بەڵام لە وڵاتـانی پەرەنەسـەندووی وەک ئێمە، کزیـی زانسـتی سیاسـەتدانان وای کـردووە کە تەنهـا بە ئـامرازی زانسـتی ئـابووری و ڕێسـا و فـۆڕمە ئـابوورییە ناسـراوەکان هەوڵـی دەوڵەمەنـدبوون بـدرێت؛ ئەم ڕێگەیە وای کـردووە لە وڵاتـانی پەرەنەسـەندوو سـەرمایە هەبێـت، بەڵام سیسـتەمی

سەرمایەداریی نەبێت. بە واتایەکی تر دەوڵەمەندیی بێتە کایەوە، بەڵام سەرمایەداریی ڕاستەقینە نەڕسکێ. یان دەتوانین بڵێین گەشەی ئابووری (Economic Growth) بێتەئارا بەڵام پەرەسەندنێکی پایەدار و هاوسەنگ و دڵنیا لەبار بچێت. ئەو جۆرە وڵاتانەی کە چاوی پەرەسەندنیان لێڵە، دۆخی ئابوورییەکەشیان بەژنێکی کورت و لەرزۆکی هەیە و هەمیشە لەژێر هەڕەشەدان.

دیارە کە باشووری کوردستانیش دۆخە ئابووریەکەی هێشتا هەر لە شەتڵدایە و تووشی دەردی وڵاتانی پەرەنەسندوو بووە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم پرسە لاوازیی زانستی سیاسەتدانان و نەبوونی دیدگای پەرەسەندگەراییە. لە کاتێکدا ئەگەر باشووری کوردستان بیەوێ بگاتە حکوومەتێکی پەرەسەندنگەرا (Developed government) پێویستە سەرەکیاتی یەکەمی، دارشتنی سیاسەتی پەرەسەندگەرایی بێت. (کەریمخان، ٢٠١٩ أ) لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووری وەک یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی پەرەسەندگەرایی. بە زمانی لێفتویچ (Left wich, 2004: 63) ئەگەر حکوومەتی کوردستان بیەوێ بە هێزەوە بگاتە ئامانجە سیاسییەکانی، پێویستە سەرچاوەکانی خۆی بۆ پەرەسەندنی ئابووریی پایەدار (Sustainable Development) تەیار بکات. لەم کەلێنەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە بناواندا سیاسەتی ئابووری هەڵبەستینەوە ڕەنگە وا باشتر بێ جگە لە ناسینی هەموو گۆشە پەیوەندیدارەکانی دۆخی ئابووری کاری خەسارناسیی سیاسەتەکانی پێشوو وەک کارێکی ئەزموونندراو بکەین و وانەی لێ وەرگرین. کزیی زانستی سیاسەتدانان و گرنگیدان بە یەک ڕەهەندی هاوکێشە ئابوورییەکان وایکردوە ئەم نووسینە بۆ لای هۆیەکانی لاوازیی سیاسەتی گشتی وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خۆرکەی ئابووری، کە ژێرخانی سازبوونەوەیە، بچێت. لەم بارەوە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە هۆیە بناغەییەکانی کزیی سیاسەتی ئابووری لە

کوردستان چین؟ له وه‌ڵامدا وێده‌چێ هۆکاره‌کانی له‌رزۆکیی ئابووری، لاوازیی سیاسه‌تدانان و نه‌ناسینی دۆخی تایبه‌تی سیاسی، ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تی بێت. به‌و پێیه‌ی که سیاسه‌تدانان ڕاسته‌وخۆ په‌یوه‌ندی به ده‌وڵه‌ت و جێبه‌جێکاری هه‌یه و داڕشتنی سیاسه‌تی ئابووری خۆی دامه‌زراوه‌ی تایبه‌تی سیاسی و سیاسه‌تی گه‌ره‌که، بۆیه له‌م نووسینه‌دا سوود له چوارچێوه‌ی تیۆری دامه‌زراوه‌گه‌رایی نوێ ( New institutionalism) وه‌رده‌گیرێت، که جگه له ڕه‌هه‌ندی ته‌واو ئابووری، سه‌رنجی به‌ربه‌رینی بۆ لایه‌نی سیاسی، کۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگیی هه‌یه. گرنگیی ئه‌م توێژینه‌وه‌یه له‌وه‌دایه که سیاسه‌تی ئابووری به زانستی پاتۆلۆژی و له چوارچێوه‌ی تیۆرێکی زانستی و ئابووری هه‌ڵده‌سه‌نگێنێت و به دیدگای زیانناسی سیاسه‌تی داهاتوو داده‌ڕێژێت.

ئه‌م توێژینه‌وه‌یه پێکهاتووه له چه‌ند به‌شێک، به جۆرێک که به‌شی یه‌که‌می بریتییه له تیۆری دامه‌زراوه‌گه‌رایی نوێ که له‌گه‌ڵ قاڵب و دۆخی کوردستان گونجاوه و هه‌وڵ ده‌درێت دۆخی ئابووری به‌پێی ئه‌م تیۆره ته‌تڵه و هاوێر بکرێت. له به‌شی دووهه‌می نووسینه‌که‌دا، پاتۆلۆژیی سیاسه‌ته‌کانی ئابووریی وه‌ک بناغه‌یه‌ک بۆ داڕشتنی سیاسه‌تی ئابووری له داهاتودا ده‌کرێت. میتۆدی شیاوی لێکۆڵینه‌وه به‌پێی کات و شوێن میتۆدی شیکاری- چۆنیه‌تی (Qualitative analysis) و ڕاڤه‌کردنه و سوود له هه‌ندێ داتای چه‌ندێتیش (Quantitative data) وه‌رده‌گیرێت.

## چوارچێوه‌ی تیۆری

ئابووریی دامه‌زراوه‌گه‌را (Institutional economics) جۆرێکه له هاوێر و شیکاری ئابووری که ڕۆڵی دامه‌زراوه کۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی و ئابوورییه‌کان تاوتوێ ده‌کات. قوتابخانه‌ی دامه‌زراوه‌گه‌رایی له کۆتایی سه‌ده‌ی نوزده‌یه‌م بۆ ڕه‌خنه‌گرتن له لێکه‌وته نه‌رێنییه‌کانی ئابووریی

نیوکلاسیک لە ئەمریکا سەری هەڵدا. ئەم قوتابخانەیە سەرنجی تایبەتی هەبوو بۆ ژێرخانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی- فەرهەنگیی کۆمەڵگا و وەک پایەی سەرەکیی ئابووریی پەرەسەندوو هاتە مەیدان. لەناو قوتابخانەی دامەزراوەگەرایی نوێ دوو شت بەرچاو و گرنگن؛ یەکەمیان ئەوەیە کە دامەزراوەکان بە بەشی ناوەکی و سەرەکیی تیۆری سیاسی هەژمار دەکرێن و دووەم دەبێ دامەزراوەکان وەک سازکەر و ڕێکخەری سیاسەتەکان تەماشابکرێن.

ئەم تیۆرە بەردەوام لە گەشەدایە، بە شێوەیەک کە ئێستا گەیشتۆتە تیۆرێکی وەک دامەزراوەگەرایی نوێ. یەکێک لە خوێندنەوەکانی دیاردە سیاسییەکان و بواری دەوڵەتداری، سوود وەرگرتنە لە گۆشەیەکی تیۆری دامەزراوەگەرایی، ئەویش شێوازی یاسایی و فەرمییە. لێکۆڵینەوەی یاسایی- فەرمی خوێندنەوەی یاسای گشتییە و لە دەرئەنجامدا چەمکی فەرمی لێدەکەوێتەوە و ئەویتر خوێندنەوەی دامەزراوەکانی حکوومەت دەگرێتەوە و دەرکەوتەکەی چەمکگەلی فەرمین و ئەم دووانە پێکەوە خوێندنەوەی یاسای سەرەکی، کە پەیوەندی بە دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەتەوە هەیە، شکڵ دەدەن.

لەم تیۆرەدا یەکێک لە شێوازەکانی خوێندنەوە، میتۆدی بەراوردکاریی مێژووییە. دەتوانین دامەزراوەکان تەنیا لە ڕێگای بەراوردکاری لەگەڵ دامەزراوەی وڵاتانی هاوشێوە و دامەزراوە هاوشێوەکانیان هەڵسەنگێنین. لەم بارەوە هێرمەن فاینەر وڵاتان لەگەڵ یەکتر بەراورد ناکات، بەڵکوو دامەزراوەکانیان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکات؛ هەروەها جگە لە بەراوردی شێوازە یاساییەکانیان، لایەنی جێبەجێکاریشیان بەراورد دەکات. ڕێدۆزی دامەزراوەگەرایی (Institutionalism approach) گۆڕاوی هۆکار و دەرئەنجامی دامەزراوە سیاسییەکان دەخاتەڕوو و باوەڕی بە نۆڕمی سیاسیی لیبڕاڵ- دیموکراسیی هەیە. هەوادارانی ئەم ڕێدۆزە

(Approach) ڕێسا و ڕووی یاسایی وەک گۆڕاوی سەربەخۆ و ئاکام و چارەنووسی دیموکراسییەکان وەک گۆڕاوی گرێدراو دادەنێن. هەروەها بە بۆچوونی ئەوان ڕێساکان ڕەفتار دەنەخشێنن. (مارش و استوکر، ١٣٨٨: ٨٧-٨٩)

خوێندنەوەی دامەزراوە سیاسییەکان تایبەتمەندیی ڕیالیستیی خۆیان هەیە؛ دواتر دەگاتە سەر شیکاری نۆڕمە سیاسییەکان. مایکل ئۆکشات لەم بارەوە پێیوایە دامەزراوە سیاسییەکان باسی چۆنیەتیی درووستبوونی پەیوەندیی سیاسی دەکەن. (مارش و استوکر، ١٣٨٨: ٩٠) ئەم ڕێدۆزە لە - سەر ڕێسا و دەستوور و دامەزراوەکان ورد دەبێتەوە. میتۆدەکانی بریتین لە ڕاڤەیی- دامەزراوەیی، یاسایی- فەرمی و بەراوردی- مێژوویی. ئەم ڕێدۆزە سوود لە تەکنیکی مێژووزانان و مافزانان وەردەگرێت و دەیەوێت پەیوەندیی نێوان ستڕاکچەر (Structure) و دیموکراسی دیاریبکات و نیشانیبدات کە چۆن ڕێسا، دەستوور و دامەزراوە فەرمییەکان کاریگەرییان لە سەرکەوتن، شکان و سنووردارکردنی ڕەفتاری سیاسی هەیە. پەیوەندیی ئەم تیۆرە بە سیاسەتدانان لەوەدایە کە خاوەن تیۆرێکی وەک ئەکشتاین تیۆری دامەزراوەگەرایی وەک زانستی دەوڵەت لە قەڵەم دەدات کە نابێ لەگەڵ زانستی سیاسی بە هەڵە وەربگیرێت. هەرچەندە بەو واتایە نییە کە ئەمانە دوو زانستی لێکجیا بن بەڵکوو زانستی دەوڵەت پایەی زانستی سیاسییە. (مارش و استوکر، ١٣٨٨: ١٠٠-١٠٦)

دامەزراوەگەرایان (Structuralists) دیدیان بۆ پەرەسەندن میتۆدئاسایە و پشتیان بە شیکاری ئابووری بەستووە و لە هەمان کاتدا هۆکاری فرەتر لە ئابووری دەبینین. (رمضانیباصری و میرفردی، ١٣٩٣: ١٢١-١٣٨) دامەزراوەکان ڕیشەیان لەناو فەرهەنگ و مێژوودایە و دامەزراوەگەرایانی مێژووگەرا درێژە و بەردەوامیی مێژووییان لەناو

حکوومەت و سیاسەتدا داوەتە بەر لێکۆڵینەوە. (پاتنام، ١٣٨٠) لە ساڵانی دواییدا دامەزراوەگەرایی کەوتە بەر سەرنج و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی سەرمایەی کۆمەڵایەتی کە کاریگەریی لەسەر گەشەی ئابووری هەبووە. (نک و کیفر، ١٩٩٧) لەم وارەدا دامەزراوەیەکی وەک بانکی نێودەوڵەتی گرنگیی داوەتە ئەم تیۆرە. (جیمسۆن، ٢٠٠٠) لە بنەڕەتدا ئەم بیرۆکەیە ئەمریکییە؛ ئەوان سەرەتای بیرۆکەی ئابووری و هزری دامەزراوەگەراییان لێکدەبەستەوە. (دادگر، ١٣٨٣) دامەزراوەگەرایی نوێ گرنگیی داوەتە جێبەجێکردن و پراکتیککاری؛ واتا لایەنی پراکتیکی لەناو شیکاریی ئابووریدا گرنگە و لەگەڵ قوتابخانەی نیوکلاسیک سازگارترە. ئەم قوتابخانەیە بازاڕیش بە جۆرێک دامەزراوە دادەنێت کە دامەزراوەگەلی لاوەکی لێدەبنەوە لەگەڵ کۆمەڵە دامەزراوەیەکی وەک فەرهەنگ، دەوڵەت، ڕێسا، ئایدۆلوجیا و ... لە پەیوەندیدایە. لە بنەڕەتدا ئابووریی دامەزراوەیی (Institutional Economics) تیۆرێکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە. لە دیدی دامەزراوەگەرایان هۆکاری پەرەنەسەندنی وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتی ئەم وڵاتانە زۆرتر خەریکی دابەشکردنی داهاتن نەک بەرهەمهێنانی زۆرتری داهات. (رمضانی باصری، میرفردی، ١٣٩٣)

## دامەزراوەگەرایی لە دیدگای گۆنار میردال

میردال دیدگای دامەزراوەگەرایی بە پایەی خوێندنەوەی پەرەسەندنی ئابووری دادەنێت و خواستە مرۆیی و دامەزراوەییەکان بە گۆڕاوی سەرەکیی بزاوتی کۆمەڵایەتی دادەنێت. (Myrdal, 1968) بەم پێیە یەک هۆکار بە تەنیا نابێتە هۆی دواکەوتن و شکستی ئابووریی وڵاتێک. ئەو پێیوایە کۆمەڵە هۆکارێک لە سەر پەرەسەندنی ئابووریی کاریگەرن کە بریتین لە بەرهەمهێنان، ئاستی ژیان و جۆری تێگەیشتن لە کار، ژیان، دامەزراوە و سیاسەتەکان. (میردال، ١٩٦٨) لە دیدی وێبلن زانستی

ئابووری شتێک نییە جگە لە لایەنە مادی و فەرهەنگییە مرۆییەکان؛ وێبڵن بە ودم (ئیلهام) وەرگرتن لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی، دیدگایەکی چەند ڕەهەندیی داوەتە زانستی ئابووری و بە گەلناسی و کۆمەڵناسی گرێی داوە. لە سەربنەمای ئەم میتۆدە، تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ پێداویستیی خۆیان دامەزراوە پێکدێنن کە بە تێپەڕینی کات دەبێتەوە بەشێک لە ڕەفتاریان. (تفضلی، ١٣٧٥) لەم دیدگایانەوە دامەزراوەگەرایانی نوێ خوازیاری دەستتێوەردانی زۆرتری دەوڵەتن بۆ شکڵدان و پشتیوانیکردن لە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. (Heico, 1999)

## پەرەسەندنی ئابووری لە دیدگای دامەزراوەگەرایی

بەپێی دیدگای دامەزراوەگەرا، بە گەیین و کامڵبوونی وردە وردەی دامەزراوە پشتیوانی، کۆمەڵایەتی و بازرگانییەکان پەرەسەندن دروست دەبێت. (نورث، ١٣٧٧) بۆیە ڕێژەی گەشە و پەرەسەندنی وڵاتان پەیوەندی بە ئاستێکی ڕیسک و مەترسییە بازرگانییەکان لە لایەن دامەزراوەکانەوە هەیە. دامەزراوەکان دەبنە هۆی کەمبوونی تێچووی زانیاری، هاندەری دروستبوون و بزاوتی ئازادانەی سەرمایە، ڕێگەدان بە هەڵکشانی ڕیسک و ئاسانکاریی بەشداربوون. بەربڵاویی ئەم دامەزراوانە خۆی دەبێتە هۆی بەرینبوونی پەرەسەندنی پیشەسازی و چالاکیی ئابووری. دەزگا چالاکەکانی وڵاتانی پەرەنەسەندوو زۆرتر تایبەتین نەک ڕکابەری و زۆرتر دەرفەتەکان سنووردار دەکەن بۆیە دامەزراوەی ناکارای ئابوورییان لێدەکەوێتەوە. (رمضانیباصری، میرفردی، ١٣٩٣) بە گشتی قوتابخانەی دامەزراوەگەرایی لە هەوڵی ئەوەدایە توانای جێبەجێکردنی هەبێت.

بەو پێیەی کە دامەزراوەگەرایی نوێی ئابووری باس لەوە دەکات کە بۆ سیاسەتداڕشتنی ئابووریی وڵاتێک، پێویست ناکات سیاسەتی وڵاتان لە

سەر یەکتر کۆپی بکرێت و لاسایی تەواو بکرێتەوە، بەڵکوو هەر وڵاتێک دەبێ بە گوێرەی دۆخ و مەرجی خۆی و بەپێی توانا (Potentiel) و کەرەستە تایبەتییەکانی سیاسەتدۆزی بۆ بکرێت؛ دەتوانین بڵێین بۆ شیکاری ئابووریی کوردستان کە دۆخێکی زۆر تایبەتی هەیە، لە ئێستادا دەتوانین سوود لەم تیۆرە وەرگرین. ئەم تیۆرە دەتوانێ لەگەڵ دۆخی کوردستان بسازێت و توانای خۆماڵیبوونی هەیە بەبێ ئەوەی ڕێسا نەگۆڕەکانی بگۆڕدرێن. یەکێک لە بەستێنە ڕەخساوەکانی حکوومەتی کوردستان ئەوەیە کە دەتوانێ بە چاویلکەی تیۆری دامەزراوەگەرایی نوێ بە شێوازێکی زانستی بە دامەزراوەکانی خۆیدا بچێتەوە و دامەزراوەکان بەپێی بنەمای پەرەسەندنی ئابووری (Economic Development) دامەزرێنێتەوە. بۆ شۆڕبوونەوە بەناو ئەم تیۆرە و ناسینی چەمکەکان لەم توێژینەوەیەدا پێناسەی هەندێک چەمک بە گرنگ دانراوە کە لە خوارەوە گرنگترینیان دەناسێنین.

**دامەزراوە:** بۆ تێگەیشتن و ڕوونبوونی ئەو چەمکانەی کە نووسینیان لە سەر هەڵبەستراوە پێویستە چەمکی سەرەکی پێناسە بکرێت. لێرەدا چەمکی سەرەکی دامەزراوەیە، کە لە زاری خاوەن تیۆرەکانی ئەم بوارە باس دەکرێت. لین و ناجنێت دەڵێن: کۆمەڵە ڕێسایەکی ڕەفتارییە کە لە لایەن مرۆڤ دروستکراوە بە مەبەستی بەڕێوەبردن و شکڵدانی ئاڵووێری نێوان مرۆڤەکان. (متوسلی، ١٣٨٩) داگلاس نۆرس دەڵێ: دامەزراوەکان چوارچێوەی گەمەن لە کۆمەڵگادا؛ ڕێسایەکن کە لە لایەن مرۆڤ دانراون و دەبنە هۆی ڕێکبوونی هاندان و خولیا بزرەکان لە ئاڵووێری نێوانیاندا. (نورث، ١٩٩٥) لێرەدا مەبەستی ئەم نووسینە لە چەمکی دامەزراوە بەپێی پێناسەی تیۆرزانانی ناوبراو دەچنرێت.

**سیاسەتی ئابووری:** (Economic Policy) ئەو جۆرە چالاکییەیە کە نەک هەر کاریگەریی لەسەر دۆخی ژیانی خەڵک لە ناوەوەی سنووری

نەتەوەییدا دەبێت، بەڵکوو توانای کاریگەری و گۆڕانکاری و وەرگەڕانی سەیری هەیە لە ڕووی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. ئەم بابەتە لە دونیای ئەورۆییدا، کە پەیوەستبوونی وڵاتان بە یەکتر زیاتر لە جاران زەق بۆتەوە، گرنگیی زۆرتری هەیە. بۆ نموونە سیاسەتی ئابووریی دەوڵەتێک لە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەناردەکردنی کاڵایەک کە لە ژێر کاڵای مۆنۆپۆلی (Monopoly) دەوڵەتەکەدایە، ئەگەرچی ڕەنگە لێکەوتی ئابووری لە ئاستی ئابووری نەتەوەییدا هەبێت، بەڵام بێگومان کاریگەرییەکانی لە بازاڕەکانی جیهاندا هەستپێکراوتر دەبن. هەروەها، لە ئاستی نێودەوڵەتی، سیاسەتەکانی ئابووری وەک ئامرازی بەهێزی سیاسی بێوێنە دەردەکەون. کەم نین ئەو سیاسەتانەی کە نەگونجاون لەگەڵ کات، شوێن و هەروەها بابەتی سەرەکیی خۆیان لەدەستدەدەن یا لە کاتی بەرهەمداندا ڕادەوەستن. (ملکمحمدی، ١٣٩٤: 169) بۆ دانانی سیاسەتێکی ئابووریی بەهێز دەبێ جگە لە شارەزایی ئابووری زۆر شت لەبەرچاو بگیرێت و کاری سیاسەتی ئابووری پتر لەوەی کە کاری ئابووریناس بێت کاری سیاسەتزانانە. لەم بارەیەوە ها جون چانگ پێیوایە سیاسەتی سەرکەوتووی ئابووری لە زۆرێک لە وڵاتان بە بێ ئابووریناسیی بەرجەستەش ئەنجام دراوە. (جون چانگ، ١٣٩٥: 374)

## گرفتی زانستیی سیاسەتی ئابووری

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئابووری لە کوردستان، گرنگی نەدانە بە سیاسەتی گشتی؛ واتا گرفتەکان ناچنە ناو چەرخە و سووڕی سیاسەت و قۆناغبەندیی سیاسەتی بۆ ناکرێت. لە کاتێکدا سیاسەتدانان چاوی توێژەر و سیاسەتدانەر تیژ دەکات، هەموو قولینچک و کەلێنێکی نیشاندەدات و دەتوانێت بەراوردکاریی لەجێ و زانستی بۆ دیاردە و گرفتەکان بکات. سیاسەتدانان ئەو زانست و ئامرازەیە کە سیاسەتدانەر لە عەرشی تیۆر و بەراوردکاریی وێکنەچوو دێنێتە سەر

فەڕشی ڕاستەقینەی وێچوو و ڕەهەندی پەیوەندیدار بە دۆخی خۆی بۆ ڕووندەکاتەوە. لێرەدا ئەگەر سەیری بابەتی ئابووریی بکەین دەبێ بڵێین ئەگەر ئابووریی کوردستان لە چوارچێوەی تیۆرێکدا لێکبدرێتەوە دەبێ تیۆرەکەش لەگەڵ دۆخە ڕاستەقینەکەی سازگار و خۆماڵی بکرێت. هەروەها نابێ دامەزراوەکان ڕێک وەک دامەزراوەی وڵاتێکی تر و بە هەمان شێوە، ئامانج و ئاراستەدا بڕۆن. کوردستان دۆخێکی تایبەت و ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەبێ بەپێی ئەم ئامانجگە و هەڵگرتەیە کاری سیاسەتدانانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ بکرێت. لەم داڵانەوە بۆ گەیشتن بە سیاسەتدانانێکی ڕاست لەم قۆناغەدا پێویستە سەرەتا کاری خەسارناسیی سیاسەتەکانی پێشوو بکرێت.

بەو پێیەی کە باشووری کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ کۆمەڵە ڕێچکە و سیاسەتێکی بۆ پرسە سەرکییەکانی خۆی هەڵبژاردوە و بە سیاسەتی کەوتن و هەستانەوە ڕێگەی ئامانجی گرتۆتەبەر، پێویستە بە وانەوەرگرتن لە گلان و شکان، سیاسەتەکانی پێشوو شیبکاتەوە. لە دوای پاتۆلۆژی سیاسەتەکانی ڕابردوو بەپێی ناسینی دۆخی تایبەتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ستراتیژی بەجێ، لەجێ، لەبار، خۆکرد و خۆماڵی بۆ پرسە سەرەکییەکانی خۆی دابنێت. بە واتایەکی تر باشووری کوردستان بەم جۆرە دەتوانێت وردە وردە بگاتە پەرەسەندنێکی دەروونزا (Endogenous development) و ڕێگەی پێشکەوتن لە ناوەوە بگرێتەبەر.

## خەسارناسیی سیاسەتی ئابووری

بینراوە کە حکوومەتی کوردستان لە چالاکیی ئابووریدا هەنگاوی بەرچاوی ناوە و بە جۆرێک کە زۆرجار لە چاو دەوڵەتی دەستکردی عێراق لە هەندێک بواردا سەرکەوتووتر بووە؛ ئەگەرچی ئەم

بەراوردکارییە زۆر زانستی نییە، بەڵام کۆدێکە بۆ نیشاندانی هەبوونی هەنگاوی ئابووری و نیشاندەری ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە سیاسەتی ئابووریدا زیاتر بەرەوپێشبچێت. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١١ ڕێژەی بێکاری لە کوردستان کەمتر بووە لە چاو عێراق. (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠١٢) دەتوانین بڵێین هەوڵ و گوتاری چاکسازی هەیە و هەروەها جۆر و ڕێژەی گەندەڵی لەچاو عێراق کەمترە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونیدا، زۆرتر سیاسەتی بەرگری لە دۆخی سەپاوی نەخوازراوی ئابووریی گرتۆتەبەر و هەر خەریکی هەڵاتن و خۆپچکڕینەوە لە تەونی قەیران بووە، بۆیە تا ئێستا نەیتوانیوە سیاسەتێکی کۆک و سەقامگرتووی ئابووریی ڕێچکەدار بڕێسێت. ئەم ڕستەیە خۆی سەلمێنەری ئەوەیە کە ئابوورییەکەی خەسارگرە و بە مەیدانی مینڕێژکراودا دەڕوات و دەبێ بە وریایی و دیدێکی قووڵ و بەرین کاری بۆ بکرێت. لە ڕاستیدا گرفتی سەرەکیی لەرزۆکیی ئابووریی هەرێمی کوردستان گرفتگەلی ستراکچەرین و تا ئێستا نەتوانراوە لە گرفتە ستراکچەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکان دەرباز بێت؛ کێشە ستراکچەرییەکانیش بە ئاسانی کۆتایی نایەن. بە واتایەکی تر حکوومەت دوو ئەرکی سەرەکیی لەسەر شانە؛ یەکێکیان خۆ دەربازکردنە لەو تەڵە ئابوورییانەی کە نەیاران وەک کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتنی سیاسی و ئابووریی باشووری کوردستان دایدەنێن و ئەوی تر پەرەدانە بە ئابوورییەکی دڵنیا و سەربەخۆ، بە مەبەستی بەهێزکردنی ئابووری و باشترکردنی ژیانی هاوڵاتییان و هەروەها مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە ڕەواکانیشی لە پێشە.

بەدەر لەوەی کە زۆر لە کێشە ئابوورییەکان و هۆکارەکانی نەگەیشتن بە ئابوورییەکی پەرەسەندوو کێشەگەلی ستراکچەرین و هەندێکیان پەیوەندییان بە پرسی دەرەکی و هەرێمییەوە هەیە و سیمایەکی تەواو سیاسییان هەیە و بەشێکی کێشەکان جیۆپۆلۆتیکی و

جیۆئیکۆنۆمیکین، بۆ نموونە تاکوو کوردستان لەژێر دەستی دەوڵەتی عێراق دابێت ناتوانێت سیاسەتی پارە و نەختینە و ئابووری بە دڵی خۆی دابڕێژێت و هەر دەبێ بە چاولێکردنی دۆخی عێراق دریبل و بزاوت بکات؛ واتە لەبەر گرفتی سیاسی و پێکهاتەیی ناتوانێت سیاسەتی ئابووریی سەربەخۆ و ئامانجدار دابڕێژێت. بە تایبەتی کە هێشتا کوردستان کێشەی سیاسی و سنووریی لەگەڵ عێراقدا هەیە، ئەستەمە بتوانێت بەم سەرچاوە سنووردارانە خۆی بگەیەنێتە سنووری پەرەسەندنی ئابوری. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە گەیشتن بە کەناری پەرەسەندن بەبێ ئازادی و سەربەخۆیی شتێکی فرە ئەستەمە و ڕەنگە باسکردنیشی شتێکی سەیر بێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئەی لەم دۆخە خراپە هەرێمێکی پڕ لە کێشەی وەک کوردستان چۆن بتوانێت بگاتە خەونی دابینکردنی ژیانێکی ئەگەریی باشتر؟ لە وەڵامدا ناچارین بڵێین حکوومەتی کوردستان بەو کەمە کەرەستە سیاسی و ئابوورییەی بەردەستی و سەرەڕای هەموو ناهەمواری و هەورازێک دەبێ بە مۆدێلێکی خۆماڵی پەرەسەندن پێناسە بکات و بە میکانیزمێکی تایبەت بە خۆی هەنگاو بەرەو پەرەسەندن بنێت و گرنگی بداتە پەرەسەندنی ئابووری بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجە سەرەکییەکانی.

لێرەدا بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە باشووری کوردستان جگە لە کێشە سیاسییەکان کێشەی سیاسەتیی هەیە. بۆ ئەوەی دەست بە دانانی سیاسەتی پەرەسەندن بکات پێویستە لانی کەم گرفتە سیاسییەکانی بگەیەنێتە نزمترین ئاست. بەپێی گوتەی فەرید زەکەریا بەشێک لە هۆکارەکانی خراپیی ئابووریی وڵاتانی جیهانی سێیەم گرفتی لاوازیی سیاسەتەکانن لە ناوخۆی وڵاتدا. (زکریا، ١٣٩٠. ١٦١) بۆیە پێویستە حکوومەت بەپێی وزە و توانای خۆی کێشە ئابووری و سیاسییەکانی چارەسەر بکا و هەوڵی کەمکردنەوەی گرفتی سیاسەتی بدات و پێویستە سوود لە سیاسەتدانەران وەرگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت سیاسەتی

پەرەسـەندن دابڕێژێـت و سیاسـەتی ئـابووری لە شـێوازی تێرکـردن و مووچەدان بگەیەنێە قۆناغی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و پەرەسەندنی ئابووری بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سیاسی. حکوومەت دەتوانێت لانـی کەم لە کـاری سیاسـەتداناندا باشـتر بێـت و لایەنەکـانی تـری پەرەسەندن کە کاریگەرییان هەیە لە سەر بواری ئابووری بە هێز بکات.

پرسـیارێکی تـر ئەوەیە بەو کەرەسـتەی کە هەیە دەتوانرێـت چـی بکرێت؟ بێگومان بەشێک لە کێشە سەرەکییەکانی ناسەقامگیریی ئابووری و شکانی سیاسـەتی ئـابووری، گرێدراوبوونی ئـابووریی کوردسـتانە بە عێـراق و لەوانەیە ئەم کێشـەیەش بە ئاسـانی چارەسـەر نەکرێـت. تەنهـا ڕێـگەی چارەسـەری ئەم گـرفتە ئـاڵۆزە لە دۆخـی پـڕدا سـەربەخۆیی و گۆڕینی دۆخی جیۆپۆلۆتیکی یا لانی کەم سـەربەخۆیی ئابوورییە و دەبێ خەباتی بۆ بکرێت. چارەسەری دووەمی ئەم کێشە دەست و پێگرە گۆڕانی کۆمەڵگەی عێراقی و سازبوونی فەرهەنگی لیبڕالیزمە لە ناو ناخ و زەینی کۆمەڵگـای ئەعەراب کە ئەمەیـان نزیکتـرە لە خەون تـا ڕاسـتی. لە کـاتی ئێسـتادا تەنهـا ڕێگـای ئەگەریـی ئەوەیە بەم دۆخە سـنووردار و نەخـوازراوەوە دەبێ هـونەری سیاسـەت بەکاربێت بـۆ ئەوەی مـۆدێلێکی دیفـاکتۆ و دژەجیۆپۆلۆتیـک (Anti-geopolitical) بـۆ سـەقامگیریی ئابووریی بێتەکایەوە. ئەم کارە بەبێ وەکازی موساش دەکرێت و دەکرێت جگە لە سیاسەتی ئابووری بە ڕێگەی تر بگاتە سازکردنی دیفاکتۆیەکی لەم چەشنە.

دیارە کە جگە لەم تەونە ستراکچەرییەی کە کوردستان تێیدا گیری خواردوە بەشێک لە کێشە ئابوورییەکان کێشەی سیاسەتی، کەمئەزموونی و لاربەڕێـوەبردنن و پێویسـتە بەڕێـوەبردنی دامەزراوە ئابوورییەکـان بە دیدێکی چەندڕەهەندی و بەپێی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی چارەسـەریان بۆ بدۆزرێتەوە تـاکوو ئـابووریی کوردسـتان پێ دەگرێت.

تەنانەت پێویستە بە جۆرێک سوود لە کەرەستەی بەردەست وەربگیرێت بـۆ ئەوەی نەک هەر ئاسـتی ئـابووریی هەڵکشـێت بەڵکـوو ئامـانجە سیاسییەکان و ئامانجی کۆتایی کوردیش بە چەک و ئامرازی سیاسەتی ئابووری لە سەرکەوتن نزیکبکرێتەوە.

یەکەم کێشە کە لە سیاسەتی گشتییدا دەبینرێت لاوازیی پرسناسییە. پێویسـتە وەک پرسـێک بچێـتە نـاو چەرخە و گەڕی سیاسەتدانان بۆ ئەوەی بچێتە ناو قوناغەکانی دەستوری کار، ڕێکخستنی سیاسەت، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن، گۆڕین و کۆتایی سیاسەت. (ملکمحمدی، ١٣٩٤: ٣٦) یەکەم کار کە سیاسەت دەیکات کاری سەرەکیات بەندیە (ئەولەویەت بەندی) و دەبێ بەپێی بارودۆخ بزانرێت کە کامە سیاسەت، کەی، تا کوێ و چۆن باشترە بکرێت. لاوازیی سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان لەوەدایە کە لەم سەرەکیات بەندیەدا لاوازە. خەسارەیەکی تر ئەوەیە کە گرنگیی زیاتر بە ئابووریی سیاسی دەدرێت نەک سیاسەتی ئابووری؛ لە کاتێکدا دەبێ هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوانەدا هەبێت. هەروەها دەبێ گەندەڵی سنووردار بکرێت و ڕێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و هێزی کەرتی تایبەت بە سەرنجدان لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاری بکرێت و کەمتر کاری بەراوردکاری و کۆپیکردنەوە لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بکرێت.

**خشتەی ١: هۆکاری سەرەکی پەرەنەسەندنی ئابووری**




## کێشە سیاسەتییەکان

بە سەیرکردنی ئەم خشتەیە دوو گرفتی سیاسی و سیاسەتی لە بەردەم ئابووریی کوردستان وەدەر دەکەون. وەک گوترا بۆ گرفتی ستراکچەری و سیاسی چارەیەک نییە جگە لە سەربەخۆیی و سەربەستیی ئابووری. بەڵام لێرەدا مەبەست گرفتە سیاسەتییەکانن و پێویستە بە زانستی سیاسەتدانان کێشە سیاسەتییەکان چارەسەر بکرێن. لەم دالانەوە سەرەکیترین خەسارە ئابووری و گرفتە سیاسەتییەکانی بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێن:

**١- ئابووریی ڕانتی** (Rentier economy) ئەو ئابوورییەیە کە تێیدا پتر لە سەدا ٤٢ی سەرچاوە سروشتییەکان بەبێ ماندووبوون لە سرووشت یا لە هەلێکی تایبەتدا دەستدەکەون. ڕانتی بوونی ئابووری جگە لەوەی ڕێچکەی ستراکچەری هەیە، هۆیەکی خراپی بەڕێوەبردنیشی هەیە. ئەم ئابوورییە ئەگەرچی ڕەنگە بۆ نەوەیێک خۆشگوزەرانی پێوەبێت و بە ڕواڵەت قەڵەوبوونی ئابووری پێوەبێت، بەڵام ئەگەر بە باشی

بەڕێوەنەبرێت وردە وردە داهێزانی داهێنانی لێدەکەوێتەوە و نەوەیێکی تەنبەڵ لەسەر شانی دەوڵەت دەکاتە بار. لە ڕۆژی پەیدابوونی نەفت تا ئێستا ئابووریی وڵاتانی نەفتزێ و دواکەوتوو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئابووریی ڕانتی. (Luciani, 1986: 85) بە جۆرێک کە زۆرێک لە بیرمەندان زێڕی ڕەش بە زەڕی ڕەش ناو دەبەن و وەک بەڵایەک لە بەردەم نەتەوەکان ناوی دێنن. (لسانی، ١٣٥٧) ئەم جۆرە ئابوورییە وا دەکات ئەگەر وڵاتێک بە تەواوی بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئابووریی ڕانتی، ناتوانێت بگاتە دیموکراسی. باشترین نموونە لەم بارەوە دەوڵەتی سەدام حوسێنە. پارەی نەفت بووە هۆی دەسەڵاتگەرایی سەدام؛ پیشەسازی، زانکۆ، زانست، هونەر، میدیا و ... هەمووی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی حزبی ناوەند. (سریع‌القلم، ١٣٩٦: 207-205) واتا دەوڵەتی قەبیلەیی سەدام تووشی سەد دام و داو هات و قەت نەیتوانی بیر لە پێشکەوتن و دیموکراسی بکاتەوە و ئێستاش دەوڵەتی ڕانتریزمی عێراق پێناچێ بتوانێت لەو دام و داوانەدا دەربازی بێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وڵاتێکی ڕانتی هەموو شتەکانی دەبنە ڕانتی سیاسی. ئەم وڵاتانە پەکیان بە کۆمەڵگا ناکەوێت و لە دەرئەنجامدا ڕێڕەوی پەرەسەندن خەشاوی دەبێت. (بشیریە، ١٣٨٢: ٨٠٠) هەر ئەم ڕەوتە ڕانتییەش سونەتی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوینی دروستکردووە. کوردستانیش لە زەلکاوی ڕانتریزم بەدەر نییە و لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئابوورییەکەی ڕانتی تر بووە و نەیتوانیوە بەرهەمە سروشتییەکانی خۆی بە مەبەستی پەرەسەندنی ئابووری بەکاربێنێت. لە بەر ئەم سیستەمە ئابوورییە نەک هەر پەرەسەندن و پایەداریتیی ئابووری بە مانای وشە پێی نەگرتووە، بەڵکوو فەرهەنگێکی نارێکی بڵاوکردۆتەوە و بەشێکی کێشە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ناوخۆیش ڕەگیان لەناو ئەم فەرهەنگە ئابوورییەدایە. بە واتایەکی تر لەناو زگی ئابووریی ڕانتی فەرهەنگی گەندەڵی زاوە و بۆتە کلتووری گشتی و تێزاوەتە ناو کۆمەڵگا و کاریگەریی نەرێنیی هەیە لە

سـەر دۆخە سیاسییەکەشـی. هەروەهـا بەدبەختییەکـی تـر کە ئـابووریی ڕانتی دروستی دەکات ئەوەیە کە بەرهەمهێنان دەداتە پاش و فەرهەنگی کـار تووشـی ئامـان و سـندان دەکـات. کۆمەڵگـای کـوردی لەگەڵ ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی زۆرێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەیە هێشتا وڵاتێکی مەسرەفگەرایە و هەر خەریکی هاوردەیە. لە کاتێکدا هەمان ئەو بەرهەمەی کە هاوردە دەکرێت دەتوانرێت لێرە بەرهەمبێنرێت و هەناردە بکرێـت. هەنـاردە بە مەبەسـتی گەشـانەوەی ئـابووری و بە مەبەسـتی سیاسیش سوودی لێوەردەگیرێت. بۆ وێنە دەکرێت هەندێک بەرهەمی خۆڕسک و خۆماڵی، کە تایبەتن بە کلتووری کوردەواری، جگە لە لایەنی ئابووریی، متمانەی فەرهەنگی- سیاسی بەرزدەکەنەوە، هەناردە بکرێن و ڕێـژەی بەکارخسـتنی ڕاسـتەقینەش زیـاتر بکرێت. لە مەودای کابینەکـانی حکوومەتدا لە زۆر واردا بـواری زیـادکردنی بەرهەمهێنـان هەبـووە، بەڵام سـوود لە زۆر شـتی خۆمـاڵی وەرنەگیـراوە؛ لە کاتێکـدا ئەم بەرهەمە خۆماڵییانە ئەگەر لەسەر ناوی کورد تۆمار بکرێن هێز و وزەی متمانەی سیاسـیی کـورد زیـاتر بەرزدەکـاتەوە و فەرهەنگـی کـوردیش لە دونیـادا گەش دەکـات. ئەم کـارە خـۆی دەبێـتە هۆکارێـک بـۆ پـتەوکردنـی ناسـیۆنالیزمی ئـابووری (Economic Nationalism) و فەرهەنگـی پرۆسـەی نەتەوەسازیش دەباتە پێش. ناسیۆنالیزمی ئابووری هاندەر و بـزوێنەری نەتەوەیەکە بـۆ ڕکـابەریی ئـابووری (مـوثقی، ١٣٩٣: ٢٦) دامەزراوە ئابوورییەکـان کەمتـر گرنگییـان داوەتە کەرەسـتەیەکی گرنگـی کـۆمەڵایەتی کە ئەویـش نەتەوەگەرایـی کـورد و هەسـتی جیـاخوازییە لە عێراق. ئەم کەرەستەیە ئەگەر ڕێکبخرێت و کاری لەسەر بکرێت و بۆ کاناڵی ئابووریی کاناڵیزە بکرێت دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ناسیۆنالیستی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی.

**٢- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی**. ڕوون و ئاشکرایە کە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە سەر بنەمای گەندەڵی بووە و لە بنەدا نەخۆشی ڕزین

و گەندەڵی سەرلەبەری هەیە و چاکبوونیشی ئەستەم و خاڵییە لە هومێد؛ بە واتایەکی تر دەوڵەتی عێراق هەمیشە لەسەر لێواری هەڵدێرە. لکانی کوردستان بە عێراق و کەوتنە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی بەدەوی ئەعراب، کوردیشی تووشی گەندەڵی کردووە. ڕێگەچارەی ئەم نەخۆشییە لە بنچینەدا دەبێ بە ئامێر و ئامرازی زانستی و فەرهەنگی بێت؛ بۆ هەتوانی ئەم نەخۆشییە لە دوای ڕاپەڕین کاری فەرهەنگسازی نەکراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی تەشەنەکردنی برینی پۆخڵەوات و گەندەڵی، بەشینەوەی دەسەڵاتە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان؛ واتە پرسی گەندەڵی تەنها ڕوویەکی نەرمی فەرهەنگیی نییە، بەڵکوو ڕوویەکی سیاسیی هەیە و چارەسەرکردنی سەختترە. لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەندێک لایەنی پۆزیسیۆنیش (Position) بەم گرە مشقاڵەی تالانکاری، خۆراکی سیاسی لە ناو خەڵکێکی هەژارزەین پەیدادەکەن.

هەروەها جگە لەم هۆکارانە، هۆکارێکی تری سووتمانی گەندەڵی لێکەوتەی هەڵەی ئابوورین. لە کاتێکدا ئابووریی دەوڵەتی جێگای خۆی دەداتە ئابووریی بازاڕ و کەرتی تایبەت، پێویستە دەوڵەت بە چاودێریی توندی خۆی ڕێگە لە گەندەڵی بگرێت؛ بەڵام چونکە ئەم جێگۆڕکێیە بە چاولێکەری و دیتنی تەنها یەک ڕەهەندی ئابووری و بە ناڕێکی ئەنجامدراوە، دیسان گەندەڵی بڕەوی سەندووە. لە ڕووی ئابووریی کەرتی تایبەت بۆتە هۆی گەندەڵی و لە جیاتی تایبەتیسازی ئابووریی بکەوێتە سەرپێ، بەشینەوەسازی دروستبووە؛ واتە زۆرێک لە دەوڵەتییەکان بە سوودوەرگرتن لە زانیارییەکانیان، پچکڕینەوەی دوو قرۆشی خۆیان سواری تایبەتسازی کردووە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەرتی تایبەت و ئابووریی بازاڕ بە شێوەیەکی دروست نەکەوێتە ڕێ. هەروەها پرۆسەی دەوڵەتی ئەلکترۆنی، کە وڵات بەرەو سیستیماتیکبوون دەبات و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆتین و گەندەڵی و نرخ بۆ مرۆڤ و کات دادەنێت، هێشتا دانەمەزراوە و تەنانەت ئەو کەمە کاروبارە

ئەلکترۆنیکییەش نەیتوانیوە گەنەدەڵی و ڕۆتین کەمبکاتەوە؛ چونکە تەنها بیر لە لایەنی فیزیکیی ئەلکترۆنی کراوەتەوە؛ لە کاتێکدا پێویستە لەگەڵ دانانی دەوڵەتی ئەلکترۆنی، فەرهەنگی ئەلکترۆنی و هەموارکردنی یاسا، ڕێسا و مەرجەعیەتەکان بکەوێتە پێش. لێرە پێناسەی دەوڵەتی ئەلیکترۆنی تەنها ئەسپاردنی کاری دەستە بە ئامێرە تەکنەلۆژی و ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام کاغەزبازییەکە و کات و وزە بردنەکە هەر وەک خۆیەتی و بگرە هەندێک جار کاری ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی دواکەوتن و خراپتربوونی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری.

ڕاستە هەوڵێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەیە و کاری لەسەر کراوە؛ بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە کارەکانی دەستەی دەستپاکی و دانانی هەندێک یاسا و بەرنامەی نەهێشتنی گەندەڵی لە لایەن کابینەی نۆیەم و دروستبوونی گوتارێکی هاوبەش بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بدەین؛ بەڵام کارەکان تا ئێستا هەر کاری ڕەق و یاسایی و سزائاسان. کاری ستراتیژی و فەرهەنگی لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵیی ستراکچەری نەکراوە و ڕیشەکانی گەندەڵی هێشتا تێراو و تەڕن. لە کاتێکدا بۆ نەهێشتنی گەندەڵی پێویستە ڕەگی زەمینەسازی گەندەڵی وشک بکرێت. بە واتایەکی تر کەمکردنەوەی گەندەڵی تەنها کاری پۆلیس و یاسا نییە، بەڵکوو پێویستی بە زانستی سیاسەتدانان هەیە. نەهێشتنی گەندەڵی دەبێ لە مەبەستی سیاسی بێتەدەرێ و بە ئامانجی ئابووریی پەرەسەندوو دەمارکێش بکرێت. بە کورتی دەکرێ بڵێین ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی دەبێتە هۆی ئابوورییەکی پەرەگرتوو. ئەگەرچی بە گوتەی هانتیگنتۆن لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو هەندێک جار بۆ کاری سیاسی و خێرایی پەرەسەندن لە هەندێک واردا گەندەڵی ئابووریی جێی سەرنجە. (Huntington, 1968) بۆ نموونە بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا گەورەکان بۆ مەبەستە سیاسی و نیشتیمانییەکان زۆرجار پێویستە پاداشتی زیاتریان پێبدرێت. بەو دیدگایە دەبێ کاری نەهێشتنی گەندەڵی بە زانایانی سیاسی

و ئابووری بسپێردرێت بۆ ئەوەی بزانن بە مەبەستی پەرەسەندن لە کوێ شل و پەیتە بدەنە یاساکان.

**٣- دامەزراوە ئابوورییەکـــان.** وەک لە بەشـــی تیـــۆری باســـکرا دامەزراوەکـان شـکڵدەری ڕەفتـاری کۆمەڵگـان و دامەزراوەکـان دەبــێ گۆشـەی جیاجیای سیاسـی، ئـابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییـان هەبێ. لێـرەدا ئەوەی جێـی پرسـیارە ئەوەیە کە ئایـا دامەزراوەگەرایـی لەنـاو حکـوومەتی کوردسـتاندا وەک باسـکرا دامەزراوە؟ ئایـا ئەم دامەزراوە ئابوورییـانە دیـدگای چەنـدلایی و چۆنیەتییەیـان هەیە؟ ئایا دامەزراوەکـان بەپێـی ئامـانجی پەرەسـەندن، سـەربەخۆیی، ئـازادی و دیموکراسـی ڕێکخراونەتەوە یا هەمان شێوە و شێوازی پێش ڕاپەڕینیان هەیە و بەپێی نیزامی عێراقی سۆسیال عەشایەری کۆنە؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین پێناچێت دامەزراوەگەرایی لە کوردستاندا بەپێی تیۆر و گۆڕانە سیاسییەکانی دوای جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداوی فارس گۆڕابێت. لە ڕاستیدا، دامەزراوە ئابوورییەکانی کوردستان هێشتا ڕوویەکی کلاسیکیی ئابوورییان هەیە و زۆرتـر کـاری تاکڕەهەنـدی دەکەن. هەرچەنـدە سیاسـەتی ئـابووری لەم دامەزراوانە دیتراوە، بەڵام تا ئێستاش لەسەر بنەمای سیاسی دووربینانە و هەمەلابینـانە و قـووڵ دانەڕژاون؛ بـۆیە لە هەڵسـەنگاندنی دەرکەوتەی سیاسـەتە ئابوورییەکـان تەنهـا گەشـەی ئـابووری بە شـێوەیەکی چەنـدێتی (Quantitive) دەدیترێـت و پەرەسـەندنی ئـابووری بە شـێوەیەکی بەربەرین و چۆنیی (Qualitative) هێشـتا هەر لە گرۆگاڵدایە و ساوایە. لە کاتێکدا کوردستان پێش ئەوەی پێویستی بە دامەزراوەی میکانیکی و فیزیکی هەبێ پێویستی بە دامەزراوەی هزری و زانستیی سیاسەتییە. بۆیە پێویستە زیاتر بیر لە دامەزراوەسازی پەرەسەندنی ئابووری بکرێتەوە. پەرەسـەندن پێویسـتی بە دامەزراوەیەکـی بانسیاسـی هەیە (کەریمخـان، ٢٠١٩ ب) بە جۆرێک وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا بێت. ئەگەر سەرنج بـدەین دەبینـین لە کوردسـتان کاروبـاری پەرەسـەندن لە چوارچێـوەی

وەزارەتێکـدایە کە ئەمەش ناگـاتە ئەو دامەزراوەی کە باسـکرا. هەروەهـا دامەزراوە ئـابووری و سیاسـییەکان دەبـێ لەگەڵ یەکتـر لە هەمـاهەنگی تەواو دابـن؛ ئەم هەمـاهەنگییە پێویسـتی بە دامەزراوەیەکـی زانسـتتەوەر هەیە. هەروەها بەشێکی کزیی سیاسـەتی ئابووری پشت بەستنە بە یەک لای یاسایی و تەنـانەت ئەو ناوەندانەی کاری سیاسـەتی ئابووری دەکەن تەنها یاسا بۆ کارەکەیان دادەنێن. بێئاگا لەوەی کە کاری یاسادانان تەنها ڕێگە خۆشکردنە بۆ کار، دەنا کاری سەرەکی پێویستی بە دانانی ستراتیژ و سـەنەدی سیاسـەتی هەیە. لە ڕاستیدا یاسـا دەبێ لە خزمەتـی ستراتیژ دابێت؛ بەڵام لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو یاسا وەک ستراتیژ و ئامانج سـەیر دەکرێت. هەروەها لەو کێشـانەی کە تووشـی سیاسـەتی ئابووری دەبنەوە کێشـەی تیـۆریین. (کـاک حمـد، ۱۳۹۷: ۲۲۷) تیـۆری بـاش و گونجـاو یـا گونجاندنی تیۆرێک یا لکاندنی چەند تیۆرێک بەیەکەوە و سـازانیان لەگەڵ دۆخـی سیاسـی، ئـابووری و کـۆمەڵایەتی ڕێخۆشـکەرن بـۆ سیاسـەتێکی سـەرکەوتوو. بەڵام کـاری تیـۆرگونجانـدن لە سیاسـەتەکاندا هێشـتا شـل و دەڵەمەیە. کاتێک تیۆری گونجاو یا گونجاندنی تیۆری باش لە کزیی دابێت نەخشـاندنی مۆدێلیش ئەسـتەم دەبێ و سیاسـەتەکان ڕاسـتەڕێ و بنەجـێ نابن و هەر ڕۆژە و لە هەوایەکدا لە هەڵبەز و دابەزدا دەبن.

٤- **یاسـاکانی ئـابووری.** دامەزراوەکـان بەپێـی یاسـای ئـابووری، سیاسەتی ئابووری دادەڕێژن. گرنگترین و بانترین سیاسـەتی ئابووری سیاسەتی پەرەسەندنی ئابوورییە بەڵام یەکێک لە کەرەستەکانی سیاسـەتی پەرەسـەندنی ئـابووری هەبـوونی یاسـای پەرەسـەندنە. کوردسـتان لەبەر دۆخە سیاسییەکەی و گرێدراویی بە عێراق ناتوانێت یاسـای دژ بە یاسـای عێراق دابنێ و تـا ئێسـتاش نەیتوانیوە دەسـتوور بکاتە ئامرازی کـارپێکی کاروبـاری گشـتی. نەبـوونی دەقێکـی دەسـتووری پەرەسـەندووگەرا بـۆتە هـۆی ئەوەی یاسـاکان درێژبـڕ نەبـن و بەپێـی گـۆڕاوە ڕۆژییەکـان یاسـاکانیش سـەنگ و سـووکییان بـۆ بکرێـت و ئەمەش بە گشـتی دەبێـتە

هۆی ئەوەی سیاسەتێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی ئابووری کە دینگەی سەرەکیی ئابوورییەکی سەرکەوتووە، دروست نەبێت. بۆ ئەوەی حکوومەت لەم دۆخە دەرباز بێت پێویستە بە هەموو توانای خۆی کار بکات بۆ ئەوەی دەستوورێکی پەرەسەندوومەدار دابنێت. بوونی دەستوور و یاسای سەرەکی لە سەر بنەمای پەرەسەندن، دەبێتە سەنگی مەحەکی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن یا شکستی سیاسەتێک.

٥- **شیاوسالاری.** یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کزیی سیاسەتی ئابووری لە لایەن دامەزراوە گەڕدەرەکانی ئابووری، دیاردەی ناشیاو- سالاری و ئەشراف سالارییە. لە ڕاستیدا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ناشایستەسالاری لە زۆربەی بوارەکان و لە مەیدانی ئابوورییشدا دەبینرێت. کوردستانیش بەدەر نییە لەم دەردە و هێشتا بژاردە و دانستەی هزری و ئامرازی لێکناکاتەوە. ئەگەر جارجار دەشگوترێ حکوومەتی تەکنۆکرات دادەمەزرێت، دیسان بژاردە ئاکادیمییە ڕاستەقینەکان ناکەونە جێی خۆیان و تەنها کەسانی خاوەن بڕوانامەی کاغەزیی دەبنە سیاسەتدانەر! هەروەها کاری سیاسەتدانان بە ئەندازیار یا بە کەسێکی شارەزا لە زانستەکە و تەکنۆکرات دەسپێردرێت، لە کاتێکدا، بۆ وێنە کاری وەک سیاسەتی نەفت و سیاسەتی ئابووریی هێدرۆکاربۆنی بە تەنها کاری ئابووریناس و ئەندازیاری نەفت نییە؛ بەڵکوو دەبێ ئەم کارە بە کارزانی سیاسی و سیاسەتدانەری بیرقووڵی سیاسی بسپێردرێت. بە جۆرێک دەبێ ئەندازیارێکی نەفت کاری لایەنی تەکنیکی وارە فوسیلیەکان بکات و لە بارەی کاری فیزیکی و ئەندازیاری پرسی پێ بکرێت نەک کاری سیاسەتدانانی ئابووری نەفتی پێ بسپێردرێت. لە سۆنگەی ئەم نموونەیەوە دامەزراوە ئابوورییەکانیش دەبێ بە کەسانی سیاسی کە دیدگای ڕەهەنداویی سیاسی و سیاسەتی، کۆمەڵناسی و فەرهەنگسازی و پەرەسەندنیان هەیە بسپێردرێت تاکوو ئامانجە سیاسی- ئابوورییەکان بڕژێنە ناو ڕەفتاری تاکەکان و ڕێچکەی پەرەسەندن بگرنەبەر.

(Castells.1992, pempel.1999) وەک گوترا گرفتێکی شیاوسالاری لە کوردستاندا ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان دەستبژێر و دانستەی (Elite) ئاکادیمی و بژاردەی ئامرازیی نەکراوە؛ واتا کەسی ئامرازیی دەچێتە جێی کەسی ئاکادیمی و کەسانی سیاسەتمەدار کاری سیاسەتدانان دەکەن؛ لە کاتێکدا دا دەبێ سیاسەتزان سیاسەت دابنێ و بچێتە ناو مەداری سیاسی و بکرێتە سیاسەتمەدار. لەم وڵاتە نەک هەر شوێنەکان شایستەی کەسی شیاو و بە سیاسەت نین بەڵکوو چەمک و وشەکانیش تێکەڵ بوونە. ئەم گرفتانە هەموویان کاری سیاسەتی ئابووری تووشی ڕاوەستان و چەقین دەکەن و دواجار دامەزراوەگەرایی دروست نابێت و تەنها دامەزراوەی شکڵی بە شێوەیەکی خواروخێچ دروست دەبن و تەکنیکسالاری دێتە جێی شیاوسالاری.

**6- کزیی بەشداری.** سەرمایەی مرۆیی وەک بەرزترین خاڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەری بەشداریی گشتییە لە ئابووریدا. (Knak & Keefer: 1997) ئەگەر سەرمایەی ڕاستەقینەی مرۆیی سوودی لێوەربگیرێت و کەسە بە فەراسەتەکان بخرێنە کار و ڕێگە لە هەڵاتنی مێشکەکان بگیرێت ئەو کات متمانە و بەشداریی گشتی دروستدەبێت. لەم وارەدا دامەزراوەی وەک بانکی نێودەوڵەتی گرنگیی داوەتە ئەم تیۆرییە. (Jameson, 2000) بەڵام ئەم سەرمایە وەک پێویست نەخراوەتە ناو کاناڵی بەشداری. لە کاتێکدا نابێ سیاسەتدانەران لێبگەڕێن ئەم سەرمایەیە ببێتە هەڵم و بە هەوادا بڕوا و بگاتە ئاستی ڕۆیشتنی هزرە درەوشاوەکان و هەڵاتنی مێشکەکان باو بێت. پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری لە پڕۆسەی ئابووری زیاتر بیر لە خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان بە شێوەیەکی ئاسۆیی بکرێتەوە و کەسانی لێوەشاوەش بە شێوەیەکی ستوونی کاریان بۆ بکرێت و کاریان لێبکێشرێت. هەروەها شەفافیەت کە ڕێگایەکە بۆ بەشداریی گشتی لە کاروباری دەوڵەتیدا، پێویستە تا ئەو جێیەی دەکرێت حکوومەت شەفاف

بێــت و ببێــتە حکــوومەتی بلــوورین. بێگومـــان ئەو دەوڵەتـــانەی کە حکوومەتەکانیان گڵۆپ ئاسان، بەشدارییان تێدا پڕترە و لە پەرەسەندنی ئابووریدا سەرکەوتووترن. کوردستان کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی پرۆســەی دەوڵەت- نەتەوەســازیدایە پێویســتە گرنگیــی بــداتە ڕێــژەی بەشداری و بە تایبەت بەشداریی ژنان لە ڕووی چۆنیەتییەوە لە بوارە گشتیەکاندا زۆرتر بکات تاکوو جگە لە بەهێزکردنی باری ئابووری، پرۆسەی نەتەوەسازییش پتەوتر بێت. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە بەشداریی ژناندا دەدیترێت زۆرتر بەشدارییەکی چەندی و وێنەییە و کەمتر کار کراوە تاکوو ژنی هەڵکەوتوو لە ڕووی چۆنییەوە هەڵکەوێ. لە ڕاستیدا مەتەڵۆکەی لاوازیی بەشداریی ئەوەیە کە بەستێنسازی بۆ مرۆڤسازی لاوازە بۆیە بەشداری شێوەیەکی چەندیی هەیە نەک چۆنی.

بەشداریی ڕاستەقینە بە جۆرێک دەکرێت کە هاوڵاتییان خۆیان بە خاوەن حکوومەت بزانن و لە گەڵیدا بێگانە نەبن. هەر کات ئەو بێگانەبوونە نەما هەستی دەوڵەت- نەتەوە سازدەبێت. دروستکردنی هەستی دەوڵەت- نەتەوە لە ڕێگەی بەشداریی چەندین ودمی خاسی ئابووریی پێوەیە؛ یەکێک لەوانە کەمبوونەوەی ئاستی گەندەڵییە. بەڵام بەداخەوە کاری سیاسیی نادروست وای کردوە سیمای بەشداریی بگۆڕدرێت بۆ بەشداریەکی سیاسییانە کە هەندێک جار بەرگی ئایدۆلۆژیای تەسکی حزبی لەبەردەکرێت و بەشداریکردن ڕاستەوخۆ دەبێتە بەشدارییەکی حزبی و بەشینەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئۆلیگارشی و گەندەڵی و ناشایستەیی لێدەکەوێتەوە. لەم دۆخەدا ئەگەر لایەنێکیش لە کورتمەودا براوە بێت لە درێژمەودادا کێشەی بۆ دروست دەبێت. ئەم دۆخە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبووە لەسەر ئابووری و کێشەی سیاسیی گەورەشی لێکەوتۆتەوە و پەراوێزی نەخۆش و ناخۆشی هێناوەتە بار.

**٧- گرفتـی ئاسایشـی و نەبـوونی سـەقامی سیسـتەمی سیاسـی.** سـەقامگیری سیسـتەمی (System) سیاسـی وڵات کلیلـی زێڕینـی سەرکەوتنی ئابوورییە. بەداخەوە دۆخی سیاسی کوردستان جۆرێکە کە هێشتا ڕەنگی دووئیدارەیی بە کراسییەوە دیارە و تەحەزوب و فەرهەنگی لیبڕالیزم بە شێوەیەکی خاوێن خۆی نەگرتووە و هێشتا هەر شل و شەلە؛ ئەمە دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە سیاسـەتی نـایەکگرتوو هەڵـدڕ و دادڕی ئـابووریی بکـات و لە کۆتاییـدا کـورد نەتوانێت سیاسـەتێکی درێـژمەودای گشـتی و سـتراتیژیی لە واری ئـابووریی و واری تـر بنەخشـێنێت. لەم دۆخەدا نەک هەر سیاسەتی ئابووری تووشی هەڵدێر دەبێ، بەڵکوو ڕەنگە قەیـرانە ئابوورییەکـان ببـنە قەیرانـی سیاسـی و کێشـەی گەورەتـری لێبکەوێتەوە. لە ڕاستیدا هەر وڵاتێک ناسەقامگیریی سیستەمی سیاسی تێدا بێـت ئابوورییەکەشـی تووشـی شـەپلە و شـەپڕێوی دەبـێ. لەم ڕوانـگەوە هەرێمی کوردسـتان دۆخێکی خراپتر لە دەوڵەت- نەتەوەکانی تری هەیە؛ چـونکە هێشـتا دەوڵەتێکی سـەربەخۆ نییە بـۆیە ناسـەقامگیری سیسـتەمی سیاسـی مەترسـی زۆرتـر لە قەیرانێکـی ئـابووری بـۆ کـورد هەیە و لە ئامانجگەی سیاسی خۆی دووری دەکاتەوە.

**٨- سیاسـەتی دەرەوە.** سیاسـەتی دەرەوەی کوردسـتان پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی بە دۆخ و سیاسـەتی ئـابووریی هەیە. بـۆیە پێویسـتە داڕێژەرانی سیاسەتی ئابووری، ئامـانجی سیاسـی و ئابووریی هاوتەریب ببەنە پێش و لەگەڵ ئەوەشدا گرێدانی فەرهەنگیی بە ئامرازە ئابوورییەکان سازبکەن. ئەوەی تا ئێستا لەنگیی پێوە دیارە ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوە تەنها یەک گۆشەی سیاسی یا ئابووریی هەیە و سەرنج نەدراوەتە قوژبنی تر کە کاریگەرییان هەیە لە سەر سیاسەتی ئابووری و ئابووریی سیاسـی. بـۆ نمـوونە ئەگەر سـەرنجی سیاسـەتی هاوسـێیەتی بـدەین دەبینـین کە باشـووری کوردسـتان نـاوچەی ناوەندی کوردسـتانی گەورەیە و دەتوانێ ببێتە ناوەندی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیی پارچەکانی تر. بە واتـایەکی

تـر وەک چـۆن لە ڕووی جـوگرافی، ناوەنـدی پارچەکـانی تـرە لە ڕووی سیاسـی، ئـابووری و فەرهەنگییش دەتوانێت ببێتە ناوەند و ئومولقوڕای کوردسـتانی گەورە؛ هەروەهـا دەتوانێت بەم سیاسـەتە فەرهەنگییە ببێتە کـارتی فشـار بـۆ دەوڵەتە ناوەنـدییەکانی پارچەکـانی تـر. بەڵام تـا ئێسـتا سیاسـەتی دەرەوە و سیاسـەتی هاوسێییەتی، کە لێکجیاوازن، سیاسـەتێکی ئابووریی فەرهەنگسـاز نەبووە. لە کاتێکدا ئەم دامەزراوە دەتوانێت ڕۆڵـی زۆر گرنگی دیپلۆماسیی ئابووری و فەرهەنگی، بە مەبەسـتی پەرەسـەندنی ئابووری، هەبێ.

**٩- دامەزراوە فەرهەنگییەکان.** دامەزراوە فەرهەنگییەکانی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ئابووری ڕۆڵیان کەمە. دامەزراوەیەکی وەک وەزارەتـی ڕۆشـەنبیری، لە سیاسـەتی فەرهەنگـی بە مەبەسـتی ئامـانجە سیاسـی و ئـابوورییە گەورەکـان لاوازە. وەزارەتـی ڕۆشـەنبیری لە هەر وڵاتێکدا تەنیا کـاری چاپی کتێب و کلیپ نییە؛ بەڵکوو بە هەموو ئامرازە فەرهەنگییەکان، بەدوور لە کاری حزبی، کاری فەرهەنگسـازی لە نـاوخۆ و دیپلۆماسـیی فەرهەنگـی لە دەرەوە دەکـات و ئامـانجەکەی پەرەسـەندنی سیاسـی و کۆمەڵایەتییان هەیە کە کاریگەرییان هەیە لە سـەر پێشکەوتنی ئابووری؛ بەڵام دەزگا ڕۆشـەنبیرییەکانی ئێمە لەجیاتی داهـاتی وڵات زیاد بکەن بـاری دەوڵەت قوڕس دەکەن و دەبێ گیشـەی زەبەلاحی بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت. هەروەهـا ئەرکێکی ئەم دامەزراوە فەرهەنگییانە کـاری فەرهەنگسـازی و دروسـت بەکارهێنـانی سـەرچاوەکانە کە لەمەشـدا بە تەواوی سـەرکەوتوو نین. بۆ نموونە، یەکێک لە خووە ناڕێکەکانی خەڵک، فەرهەنگی خراپی بە هەدەردانی سـەرچاوە سنووردار و کەمدۆزەکانە کە کـاری لەسـەر نەکـراوە. هەروەهـا فەرهەنگـی مرانـدنی تەمەنـی پـڕبەرهەم بەهۆی دامەزراندن و کارمەندگەرایی بۆتە دیاردەیەک کە تـا ئێسـتا تەنها بـاری حکـوومەتی لار و خـوار کـردووە و تەنبەڵگەرایـی بـرەو داوە؛ ئەو ڕێـژە بێکـارییەی کە بەم شـێوەیە لە کەمیـداوە بەرهەمـی دەکارخسـتنی

ژیـرانه نیـیه، بەڵكـوو بەرهەمـی پـڕۆژەی كـارمەنگەراییە. لە ڕاسـتیدا دامەزراوە فەرهەنگییەكـان نەیـانتوانیوە وەک پێویسـت فەرهەنگـی كـار و ئـازادیی بـڕژێننە نـاو مێشـكی لاوان و سـەرمایەی مرۆیـی بـۆ زیـادكردنی داهـات بەكـاربێنن؛ لە دەرئەنجامـدا داهێنـان و خەلاقیەت تووشـی پەنـچەر-بوون بووە.

خشتەی٢: خەسارەكانی سیاسەتی



## سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووری لە ڕابردوو

حکـــوومەتی کوردســـتان دوای ئەزمـــوونی هەورازە ســـەختەکان و سەرکەوتن بە سەر ڕەوەزەکانی قەیرانی ئابووری، وردە وردە سەرنجی بۆ لای ئامانجگەی پەرەسەندنی ئابوورییەکی سەقامگیردا ڕۆیشتووە. لانی کەم دەتوانین بڵێین وشەی پەرەسەندن لەم وڵاتە بیستراوە. لەم پێناوەدا دامەزراوەگەلـی تـایبەت بە سیاسـەتی ئـابووری و پەرەسـەندنی دانـاوە. نموونەی ئەم هەنگاوانە ئەوەیە کە یاساکانی پەرلەمان (پرۆژە یاساکانی پەرلەمـانی کوردســتان، ٢٠١٧) و پـێشنووسـی دەسـتووری نیشـتیمانیی کوردسـتان ئامـاژەی ڕاسـتەوخۆی بە پەرەسـەندنی ئـابووری داوە و لە مادەکـــــانی ١٥، ١٦، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ١٠٣، ١٠٧، ١١٠، ١١٣، ١١٥ و ١٢١ (پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق، ٢٠٠٩) ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باس لە پەرەسـەندن دەکات؛ کە ئەمەش سـیمایەکی حکـومڕانی باشـی (Good Governance) پێـوە دیـارە. هەرچەنـــدە ئەم پرۆســـەیە لە ســـەرەتای ڕێـــگەدایە، بەڵام ئەمە خـــۆی دەسـتپێکێکی ئەرێنییە لەچاو زۆرێک لە وڵاتە ئیدۆئۆلۆگەکان کە تەنانەت وشەی پەرەسەندن بە فەرهەنگێکی نەخوازراوی ڕۆژئاوایی و پەرەسازی و ئیسـتیعماری نـوێ قەڵەمـزەد دەکەن. دیـارە کوردسـتان لەگەڵ دونیـادا سـازی ناسـاز لێنـادات و بە ڕواڵەت لەگەڵ ڕەوتـی پەرەسـەندندایە. ئەمە خۆی باشەیە و لەگەڵ هەموو ساوایەتی و کەمایەتییەکان ئومێدهێنە.

یەکێـک لە ئـامرازە سـەرەکییەکانی پەرەسـەندی ئـابووری، هەبـوونی سـتراتیژ و سیاسـەتدانانە کە لە کوردسـتان ئەم کـارە لە لایەن وەزارەتـی پلاندانان دادەنرێت. یەکێک لە باسە دڵخۆشکەرەکان ئەوەیە کە بەرنامەی ئایندەبینی ٢٠٢٠ (وەزارەتـی پلانـدانان، ٢٠١٢) و پەیوەنـدی لەگەڵ بـانکی جیهـانی و UNDP لە لایەن حکـوومەت دانـراوە. (ڕاپـۆرتی هاوبەشـی وەزارەتـی پلانـدانان و بەرنـامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکـان، ٢٠١٢)

ئەم کـارە لەگەڵ هەمـوو کەلـێن و سـەرنجەکانی بە هەنگـاوێکی بـاش لە قەڵەم دەدرێـــت؛ لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەم دامەزراوەیە لە چوارچێـــوەی وەزارەتێـک ناتوانێـت ڕیشـەکانی پەرەنەسـەندن بناسـێت و وەڵامـی پرسـیارەکانی بـابەتی پەرەسـەندن بـداتەوە. وەزارەتێـک کە مـاوە مـاوە هەڵسـوڕێنەرەکانی دەگـۆڕدرێن و هەر کەس و لایەنێـک دێـت و دیـدگای خۆی لە وەزارەت بار دەکات ناتوانێت ئاسۆیەکی بەربەرینی پەرەسـەندن پلانرێـژ بکـات. ئەو کـارانەی تـا ئێسـتاش لە لایەن ئەم وەزارەتە کـراون بـابەتی ڕووکەش بـوونە و کـاری قـووڵی نەکـردووە و ناشـتوانێت بەم سیستەمە بیکات. ئەگەرچی هەنـدێک پلانـی باشـی لە چوارچێوەی پلانـی داهاتوو بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بۆ پەرەسـەندن دیـاری کـردوون، بەڵام بە گشتی ئـــەو پلانانـــە بەشـــێکی زۆری کـــەموکوڕی و پێداویســـتیی ســـێکتەرە جۆراوجۆرەکانیـــان دیـــاری کردبـــوو و تـــا ڕادەیـــەکی بـــاش ئامـــانج و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنیان تێدا دیاری کرابوون، بەڵام پتر لـەوەی پلانـی کـارکردن بـن، خسـتنەڕووی دۆخـی سـێکتەرەکان و ئاسـتی پێویسـتیی پەرەپێـدانیان بـوون، هەروەهـا لـە ڕووی دارشـتنەوە پتـر لـەوەی پلانـی سـتراتیژی بـن لـە توێژینـەوەی شـیکارییەوە نزیـک بـوون؛ زۆربـەی ئـەو کەموکورییانـەش لـە ئـەنجامی کەمئەزموونی و ڕەنگدانـەوەی زۆری پلانـی پەرەپێدانی عێـراق بـوو بەسـەر تـەواوی پلانـەکانی کوردسـتاندا. (گـوڵپی، ٢٠١٨) وەک پێشـــتر ئامـــاژەی پێـــدرا یەکێـــک لە گرفتەکـــانی بژاردەکـــانی کوردستان ئەوەیە کە دیدگای نموونە وەرگرتنیان زاڵترە لە دیدگای ناسین و نـاوەرۆکی خۆیـان. کەمتـر سـەرنج دەدرێـتە دۆخ و تواناکـان و هەر لە هەوڵـــی ئەوەدان کە بەرنـــامەی وڵاتێکـــی نـــاوێکچوو کـــۆپی بـــکەن و لە دەرەنجامدا سیستەم و خەڵکێکی پێ تاقی دەکرێتەوە و خەسارەتێک بەجێ دێڵـێ و دواتـر بیـر لە گـۆڕینی پـلانەکە و هێنـانی پلانێکـی تـر دەکـرێتەوە. ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی کە هەنگاوەکانی پێشـکەوتن داهێزن و بگەنە تـراویلکە. لێرەدا دەبینین کە بەشـێکی بەرنامەکـانی پەرەسـەندن کە زیـاتر

ڕووی گەشەیان هەیە لاسایی کردنەوەیەکی بێ ناسین و بێ زەمینەی هـزرین. ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی دروستبوونی پەرەسەندنێکی ناهاوسەنگی دەرەکی زێ کە ڕەنگە بە شکان و سەرنەکەوتن کۆتایی پێ بێت. لە کاتێکدا یەکێک لە میکانیزمەکانی پەرەسەندن ئەوەیە کە بەپێی دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی بە شێوەیەکی دەروونزا و هاوسەنگ و هاوتەریب زەمینەسازی بۆ بکرێت.

بەو پێیەی کە ئەم وتارە تەنها بەشی دامەزراوەگەرایی هەڵدەسەنگێنێ، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە یاسا و بەرنامەکانی پەرەسەندنی ئابووری هەندێک شت کاڵ و کەمڕەنگە و پێویستی بە پێداچونەوەیەکی سیاسییانە هەیە و دەبێ لە لایەن لێکۆڵەران بە تیۆر و میتۆدی گونجاو شەنە و شیبکرێنەوە. بۆ نموونە دەبێ یاساکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ کار بکەن و یاسادانەران تەنها یاسادانەر نەبن؛ بەڵکوو کەسی ژیر بن و لەگەڵ دۆخی سیاسیی کوردستان و ناوچەکە ئاشنا بن. هەروەها پێویستە بەرنامەکانی پەرەسەندنی ئابووری فرەدیدگا بن و هەموو بەش و جومگەکان هاوتەریب بە یەکەوە بەرنەپێش. تاک دیدگایی بۆ پەرەسەندن دەبێتە هۆی لاسەنگی و ناکرێ تەنیا بە تێکۆشان بۆ پەرەسەندنی ئابووری پێمان وابێ دەگەینە قۆناغی پەرەسەندنی پایەدار. پەرەسەندنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی گرێدراوی یەکترن بەبێ پەرەسەندنی هەر یەک لەمانە ئەوی تریش ناگاتە جێ.

حاشاهەڵنگرە کە کابینەکانی حکوومەتی کوردستان کابینەی بەڕێوەبردنی ململانێی قەیرە و قەیرانە دژوار و مشەقەتبارەکان بوون. ئەم قەیرانانە حکوومەتییان لە قرکردن نزیک کرد، چونکە قەیرانەکان تەنها ئابووری نەبوون؛ تەشەنەی کێشە ناوخۆییەکان، دوو زۆنیی خاک، خۆ-پارێزی و وڵاتپارێزی و جەنگی ئیسلامگەرایان و بێ بودجەیی و دابەزینی نرخی نەفت و هاتنی ئاوارەکان و بۆسەی دەوڵەتی عێراق و سیاسیی

وڵاتانی هەرێمی، باری حکوومەتی کوردستانی گرانتر کرد. لەگەڵ کێشەی گرێدراوبوون بە ئابووریی عێراق، کوردستان توانی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٢ ئاستی توانای بەرهەمهێنانی خۆماڵی بەرز بکاتەوە. بە جۆرێک کە لە ساڵی ٢٠١١ ڕێژەی GDP گەیشتە ئاستی ١٣%ی داهاتی گشتی بەرهەمی خۆماڵی. (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠١٢) سەرەڕای ئەوە بەهۆی نەبوونی هەستی دەوڵەت- نەتەوە دوژمن هەوڵی دەدا خاڵی بەهێزی کورد، کە کۆبوونەوەی جەماوەری و یەکدەنگی بوو لە دەوری سندوقی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی، بیکاتە خاڵی لاواز و دروشمی سەربەخۆخوازی بکاتە قیژەی مزەخوازی و هەوڵ بدات کورد لە ناوخۆدا تووشی هێدمە بکات. ڕاستە زاڵبوون بەسەر ئەم هەموو گەلەکۆمەکییە پشووی درێژ و لێزانیی گەرەکە، بەڵام پێویستە بپرسین بۆ دەبێ لە کاتی قەیراندا ئەوەندە پشووهەڵماڵاو و هەناسەسوار بین؟ وێدەچێ وەڵام ئەوە بێ کە ئێمە کاری دامەزراوەیی بە دیدگایەکی چەند ڕەهەندیمان تەنک بووبێ و نەمانتوانیوە دامەزراوەگەرایی بە ئاراستەی پەرەسەندن دامەزرێنین. بۆ وێنە پەرەسەندنی ئابووری لە دیدگای ئێمە تەنها ڕێگەوبان و بەرزکردنەوەی بینا و موچەدان بووە؛ واتا هاوسەنگیی نەبووە لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. بۆیە لە ڕووی چۆنیەتییەوە ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە ناچێتە خانەی پەرەسەندنی ئابووریی پایەدار. کەواتە پەرەسەندن دەبێ لە چوارچێوەی تیۆریی دامەزراوەگەرایی سەرنج بداتە هەموو لایەنەکان و نابێ تەنها یەک ڕەهەندی ئابووری بدیترێت. بەڵگەی ئەوەی کە یەک ڕەهەندبینی هەبووە ئەوەیە کە دروشمی سەرەکی ئەوە بوو هەولێر بکرێتە دوبەی، بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ئایا دوبەی شوێنێکی پەرەسەندووە یا هەر وڵاتێکی دەوڵەمەندی ستوونییە کە ڕەنگ بێ لە کاتی تەزین و قەیرانێکدا ئەم وڵاتە شوشەئاسایە بڕۆخێ. هەروەها بیر لەوە نەکراوەتەوە کە ئایا وڵاتێکی وەک میسر و سوریا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەرەسەندووترن یا

ئیمارات؟ ئایا وا باشترە نموونەی تونس، کە تێیدا زیاتر گرنگی بە گەشەی هــزر و نــوێگەرایی دراوە، وەربگــرین یــا نمــوونەی قەتەر کە تەنیــا بە داهــاتێکی بــێ مانــدووبوون گرنگییــان بە جوانکــاریی ڕواڵەتــی داوە؟ ئەم نووســینە پێیــوایە ســەرەکیترین کێشــە، نەبــوونی دیــدگای فــرەڕەهەنــدە. فرەڕەهەندنەبوونیش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیاسەتدانەر و سیستەمی بوروکراسی ئەندازەیی و ئەندازیارین نەک زانستی و سیاسەت زانانە. لەم دەروازەوە ئاماژە بە دوو شت و شوێنی کۆن و نوێ دەکەین. یەکەمیان، دەڵێن یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتن و ڕووخانی شای ئێران ئەوە بوو کە هەموو کاروباری وڵاتی بە ئەندازیاران ئەسپارد تاکوو بیگەیەنــنە ئاســتی مــۆدێرنیتە. بەڵام مــۆدێرنیتە مــاهیەتێکە کە تەنیــا بە ئەنــدازیاران نــایەتەدی؛ ڕەنــگە ئەم ئەنــدازیارانە تەنهــا بتــوانن ســیمای مۆدێرنیزم لە ڕووی ئامێری و فیزیکییەوە بدەنە وڵات، بەڵام ناتوانن ماکی مــۆدێرنیتە بــزێننە نێــو کۆمەڵگــا. هەروەهــا نمــوونەیەکی تــر هەیە دەڵــێن زۆربەی خوێنــدەوارانی نــاو داعــش کەســانی تەکنیکــی بــوون و ڕێــژەی کەســانی زانــای زانســتە مرۆیــی و کۆمەڵایەتییەکــان زۆر کەمتــر بــوون بۆیەش شتێکی قەبەی ناوک بەتاڵ بوون و هەر زوو دەسەڵاتەکەیان بووە پووش و پەڵاشی بەر ئاگر. لە ڕاستیدا، سپاردنی هەندێ سیاسەتی درشت بە تەنها لە لایەن کەسانی تەکنیکی بەڕێوە ناچن. حکوومەتی کوردستان زۆرجــار بیــری لە پەرەســەندن کــردۆتەوە، بەڵام تــاک دیــدگایی ئەندازیارانەکەی نەیهێشتوە پەرە بگرێت. ئەگەرچی بۆ پەرەگرتن بودجەی زۆری دیــاری کــردووە، بەڵام دەرئەنجــامەکەی تەنهــا تێچــووی نجــوومی بووە. لەم بارەیەوە دەتوانین نموونە بە سیاسەتی تواناسازی بێنینەوە و بپرسین ئایا ئەو کەسانەی لە ڕێگەی تواناسازی چوونە دەرەوە جگە لە تێچوویەکی قورس و بڵاوبوونەوەی شەهادەگەرایی، ڕۆڵیان چی بوو لە پێشــکەوتنی وڵات؟ ئایــا بەشــی هەرە زۆری ســوودمەندانی تواناســازی توانیویــانە ئاســتی زانســت و ســیواتی خۆشــیان بەرنە ســەر؟ لە وەڵامــدا

ویناچێ ئەم پڕۆژە زۆر سەرکەوتوو بووبێ چونکە پێوەرەکە بۆ ناردنە دەرەوە پێوەرێکی ئەندازیارانە و دەرەجەتەوەر بووە نەک بەپێی پێویستی و لێوەشاوەیی. لە کاتێکدا دەبا سیاسەتەکە لە لایەن کەسانی سیاسی- فەرهەنگی و بەپێی پێویستی و بە دیدگایەکی هەمە ڕەهەندبین و بە میکانیزمێکی باشتر دانرابا نەک بە عەقڵێکی ئەندازیارانە. نموونەیەکی تر ئەوەیە کە یەکێک لە کارە ئەرێنییەکانی حکوومەت زۆرتر کردنی ڕێژەی دەکارخستن و هەلی کار بووە و گۆیا بێکاری زۆر کەم بۆتەوە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم دەکارخستنە بۆتە هۆی سەرڕژانی داهات و GDP و GNP زیادی کردووە یا لە داهاتی وڵات بە شێوەیەکی ڕانتی مزە دراوەتە خەڵک و GDP لە کەمی داوە؟ وەڵامەکەی دیارە، ڕێژەی بێکاری لە کەمی داوە چونکە بەشێکی زۆری بودجە بۆ کارمەندان دانراوە؛ ئەمە وایکردووە لە کاتی شۆکێکی ئابووری حکوومەت تەزووی پێدابێت.

دیارە کە وڵاتە سەربەخۆکان دەستیان لە ئابووریی ئازاد کراوەیە و دەتوانن بازرگانی ئازاد برەو بدەن و گومرگ لە سەر کاڵا دانێن یا هەڵیگرن. (جەیمس گۆورتنی و هاوکاران، ٢٠٠٩: ٧١) بەڵام حکوومەتی کوردستان دەستی کراوە نییە، بۆیە سیاسەتی ئابووریی خۆماڵی لەبەرئەوە سەرکەوتووترە، چونکە کورد گرفتی سیاسیی هەیە و گرێدراوە بە عێراقی بێگانە، بۆیە ناتوانێت بە ئیشتیای خۆی بازرگانی ئازاد برەو بدات؛ بۆ نموونە سیاسەتی گومرگیی سەربەخۆی نییە. هەروەها، ئەگەر سەیری سیاسەتی نەفت بکەین، بەپێی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە وەدەست هاتووە (ئیسماعیل فەقێ، ٢٠١٤: ٨٥) لە کورتمەودادا توانرا بە چەکی سەربەخۆیی ئابووری و نەفتی، پشت بە وڵاتێکی وەک تورکیا ببەستریت و بەرەو سەربەخۆیی ئابووری بڕوات؛ بەڵام ڕەهەندنەبینی کایە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان وای کرد لەم سیاسەتەدا بە تەواوی سەرکەوتوو نەبێت. هەروەها ئەوکاتانەی چەکی نەفت لە کەرکوک

لەبەردەستبوو تەنها نیگای ئابووریی پێشڕەو بوو بۆیە نەتوانرا لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئەمریکا و ئینگلیز مامەڵەیەکی سیاسیی سەرکەوتوو ئەنجام بدرێت. جگە لە لاوازیی دیدگای سیاسی و زاڵبوونی دیدگای ئەندازیاری بە سەر سیاسەتزانی، بەشێکی ئەم کێشانە بۆ نەبوونی ناوەندێکی توێژینەوەی داهاتووبینی و بانسیاسی هەمەڕەهەندبین دەگەڕێنەوە. نەبوونی ناوەندێکی وەها وای کردووە کورد وەک هەمیشە لە ناسینی کات و شوێن و ڕەهەندە سیاسی- فەرهەنگییەکانی پەیوەندار بە دۆخی ئابووری لاواز بێت.

## ڕێکاری پەسند

بە تێڕوانین بەو زیانانەی باسکران، سیاسەتدانانی ئابووری بەپێی قەوارە و قەبارەی سنوورداری کوردستان پێویستی بە مۆدێلێکی خۆماڵی هەیە. بەڵام پێش ئەوەی سیاسەتدانان بۆ دروستکردنی مۆدێل ساز بکرێت لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە بەپێی خەسارناسیی سیاسەتەکانی پێشوو، بە شێوەیەکی ئۆرژانسی ڕێچارەیەک بۆ گرفتە هەنووکەییەکان بدۆزرێتەوە و ڕێ لە لاڕێبوونی ڕەیلی ئابووری بگیرێت. لە قۆناغی دووەمدا دەبێ بەپێی سنووری توانای ئابووری و بەڕێوەبردنی ئابووری و بە ڕەچاوکردنی ڕەهەندە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی- فەرهەنگییەکان مۆدێلێکی خۆماڵی بۆ پەرەسەندنی ئابووری دابڕێژدرێت. یەکەمین هەنگاوی دەستپێکردنی ئەم دوو قۆناغە دروستکردنی ناوەندی زانستی لێکۆڵینەوەیی و بانسیاسی، هاوتەریب کردنی ئامانجی سیاسی و ئابووری دوور لە کایەی حزبییە. هەروەها دانانی دامەزراوەیەکی تایبەت بە پەرەسەندنی پایەدار کە وێنەی دەوڵەتێکی سیاسەساز، ئابووریساز و فەرهەنگسازی دوورمەودایە، شتێکی پێویست و ئەوڕۆییە؛ دەبێ هەوڵ بدرێت ناوەندی لێکۆڵینەوەی داهاتووتوێژیی دابنرێت و سوود لە زانکۆکان وەربگیرێت و پێوەری هەموو کارێک نەرمەئامێری پاڕادایمی

حـوكمڕانی بـاش بێـت. ئەم نەرمەئـامرازانەی سیاسـەتی پەرەسـەندنی ئابووری پێکدێنن لە خاڵە سەرەکییەکانی پاڕادایمی حکومڕانی باش کە لە لایەن بـانکی جیهـانی پێناسـە کـراوە و بـریتین لە: یاسـامەندی، شـەفافیەت، وەڵامدەری، کارایی و کاریگەری، یەکسانی و هەمەگری و بەرپرسـیارێتی. (علیزادەثانی و الوانی، ١٣٨٦: ٦) هەروەها دەبێ لە ڕیشـەدا فەرهەنگسـازی نەمـانی گەنـدەڵی بکرێـت. ئـابووریی ڕانتـی بگۆڕدرێـت و سـەرچاوەکانی داهات زیاد بکرێن و گرنگی بدرێتە پیشەسـازی توووریزم و پەرەسـەندنی کشتوکاڵ. کار بکرێت بۆ خۆیندنەوەی نوێگەرایانە و هێرمێنۆتیکی بۆ ئەو دەقە ئاینیانەی کە دەست و پێگری ئابوورییـان پێوەیە. بۆ ئاراستەکردنی ئـابووری، دەربـازبوون لە دەوڵەتـی ڕانتـیەر و کەمکـردنەوەی گەنـدەڵی، سەرنجدان و ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسی، هەڵێنجانی مۆدێلێکی تایبەت بە ڕەچـاوکردنی دۆخـی تـایبەتیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەرەسـتەیی و دوور کەوتـنەوە لە بەراوردکـاری نادروسـت و وێکچوانـدن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە سەدان ساڵە زەمینەی هزرییان بۆ پەرەسـەندن و مۆدیرنیتە داناوە، هەنگاوێکی کاریگەر و کارا دەبێ بۆ داهاتووی ئابووری. هەروەها پێویسـتە پێـوەری لێزانـی هەبـێ بـۆ دیـاریکردنی ئەو کەسـانەی لە لایەن پارتەکـان دێـنە نـاو کـاری سیاسـەتدانان. کـاری دەوڵەتـداری و سیاسـی نەدرێـتە ئەنـدازیارانی سـرف و بڕوانـامەگەرایی نەیەتە جێـی لێزانـی و لەکـارزانی. پێویسـتە سـەرمایەیەکی گرنگـی نەتەوەیـی کە بـژاردە و دانسـتەکانن گوێیـان لێبگیرێـت و سـەرنج بـدرێتە هۆکـاری ڕۆیشـتنی هەڵکەوتووەکان و هەوڵ بدرێت کەسـانی لێهاتوو ڕاکێشـرێن و خزمەتیان لێبکێشـرێت؛ تەنـانەت ئەگەر لە بوارێـک کەسـی شـارەزا نەبـوو لە وڵات و نەتەوەی تر ڕەهـن و هـاوردە بکرێن. هەروەهـا دەسـتێوەردانی دەوڵەت لە واری ئـابووری بەپێـی دۆخـی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی بێـت و تەنـانەت حکـوومەت بە شـێوازێکی نـوێ و ناڕاسـتەوخۆ کەرتـی تـایبەت چـاودێری بکـات. هەروەهـا فەرهەنگی ناسـیۆنالیزمی کـوردی بخـزێتە نـاو چـالاکیی

ئابووریی تاکەکان. نابێ کوردستان لە ململانێی پەرەسەندن لەگەڵ عێراقدا دوا بکەوێت. دەبێ بە وریایی ئابووریی عێراق بناسێت و هاوسەنگیی سەرچاوەی ئابووری لەگەڵ عێراق بپارێزێت و بتوانێت جگە لە بەهێز- کردن هێزی پێشمەرگە و کایەی سیاسی و فەرهەنگیی لانی کەم پێبەپێی عێراق بەرەو پەرەسەندن بڕوات، دەنا بۆنگا ئابوورییەکانی جیهان و دەوڵەتانی زلهێز ڕەنگە دۆزی سیاسی و نەتەوەیی کورد بە هەند وەرنەگرن و دیسان بۆ مامەڵە دەست بۆ عێراقی دەستکرد درێژ بکەنەوە.

## دەرئەنجام

ئەم نووسینە هەڵسەنگاندنی خەسارناسی سیاسەتی ئابووری حکوومەتی کوردستانی بە ڕێدۆزی دامەزراوەگەرایی، کە چەکەناتی سیاسەتدانانە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەوڵەت و حوکمڕانی هەیە لە ڕوانگەی نەرمەئامێری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، هاڕیوە. بەپێی گریمانە و پرسیارە سەرەکییەکە هۆکارەکانی لەرزۆکیی ئابووری، لاوازیی سیاسەت و نەناسینی دۆخی تایبەتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و تاک ڕەهەندبینییە. شیکاری پرسیار و گریمانەکە دەریخست کە سەرەکیترین گرفتی بەردەم پەرەسەندنی ئابووری لاوازیی زانستی سیاسەتی گشتی و خەسارناسی و کەمئەزموونی و نزمبوونی ئاستی کۆمەڵگایە. بەشێک لە گرفتەکان سیاسین و بەبێ سەربەخۆیی یا سەربەستیی ئابووریی نایەنەدی. بەشێکی دیکە گرفتی سیاسەتین کە بوونەتە هۆی کزیی سیاسەتی ئابووری و بریتین لە زاڵبوونی ئابووریی ڕانتی، گەندەڵی، ناشیاوسالاری، لاوازیی یاساکان، کەمی بەشداری، لاوازیی سەقامگیریی سیستەمی سیاسی، لاوازیی سیاسەتی دەرەوە و لاوازیی سیاسەتی فەرهەنگی. هەروەها هۆکاری گرفتە ستڕاکچەرییەکان

ناکــارایی دامەزراوەکــانن. ئەم گرفتــانەش تەنهــا بە زانســتی سیاســەت چارەســەر دەکرێن. بە جۆرێک کە دەبێ تیۆرەکان لەگەڵ دۆخی تایبەتی هاوسەنگ بکرێن؛ سیاسەتی خۆماڵی دابڕێژرێت؛ بژاردە سیاسەتزانەکان سەرقافڵە بن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پرۆسەی سیاسەتدانان بە شێوەیەکی زانستی بخرێتەڕێ. پێویستە بە میتۆدی خەسارناسی کار بکرێت بۆ ئەوەی بە تێچووی کەمتر ئامانجی باشتر بێتەدی. سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووری زۆر خاڵی نەرمی هەن کە لە لایەن سیاسەتدانەرە ئابوورییەکان ڕەچاونــاکرێن و کــاری ئــابووری تەنهــا بە زانســتی تەواو ئــابووری و گرنگیدانە بەر هــاوردە، هەنــاردە، سیاسەتی پارە و نەختینەیی، ئابووری ورد و درشـــت دەکەن. لە کاتێکـــدا ئاوانگـــارد بـــوون و پێشـــڕەویی پەرەسەندنی ئابووری جگە لە زانستی ئابووری بە توخمەکانی سیاسەتی پەرەسەندن دێنەدی. دیارە هەڵسەنگاندنەکە تەنها بۆ دیاریکردنی خەسارە بــووە، دەنــا حکــوومەتی کوردســتان لە ڕووی ئــابوورییەوە بەپێــی ئەو دۆخەی تێدا بووە زۆر هەنگاوی باشی هەڵێناون؛ تەنانەت ئەگەر وڵاتێکی تر لەو دۆخە قەیراناوییە بایە ڕەنگە ئەوەندەش خۆی پێ نەگیرابا. لەگەڵ ئەو کێشە ڕچەییەی کە کــورد تێیهــاڵاوە ڕەنــگە ئەگەر سیاســەتی باشــی ئابووری بخرێتە گەڕ بتوانرێت، وێڕای سنووردارییەکان، زۆر لەوە باشتر کار بکرێت و ئەگەری باشتربوونی ژیانی خۆشتر بۆ هاونیشتیمانان بێتە ئارا. ئەم باشتربوونەش تەنها بە کاری سیاسەتدانانی چەندڕەهەندبینی دێتەدی. ئامرازی باشتربوون بە سەرنجدانەبەر ڕێدۆزی دامەزراوەگەرایی نوێ و بە کاری زانستی سیاسەتی پەرەسەندنی هاوسەنگ و هاوتەریب ســەر دەکەوێ. ڕەنــگە ئەگەر دامەزراوەکــانی حکــوومەت بەپێــی تیــۆری دامەزراوەگەرایی نوێی خۆماڵیکراو سەر لە نوێ داڕێژێنەوە و دامەزراوەی بانسیاسی پەرەسەندن دابمەزرێت و سوود لە زانستی سیاسەتی گشتی وەربگیرێــت بتوانرێــت مــۆدێلێکی باشــتری ئــابووریی هاوتەریــب لەگەڵ ئامــانجە سیاســی و فەرهەنگیــیەکەی بخــاتەڕوو. دەتوانرێــت هەنگــاوی

یەکەمی دامەزراندنەوەش بە ڕێگای زانستی خەسارناسی وەک وانەیەکی ئەزمووندراو دەستپێبکرێت.

**پەراوێز:**

١- دەرچووی قۆناغی دکتۆرای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران

MOHAMMED KARIM KHAN KAKHAMAD. Doctor of Political Science, University of Tehran

mohamad.karimkhan@gmail.com

## سەرچاوەکان

### کوردی


- پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٧)، هەولێر: http://www.perleman.org/Default.aspx?page=byyear_commen ts&c=projayasa2013. ڕۆژی سەردان: ٢٠/٤/٢٠١٨.

- پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە ٧٧٧، http://www.perleman.org/Default.aspx?page=byyear_commen ts&c=projayasa2013. ڕۆژی سەردان: ٢٠/٤/٢٠١٨.

- کەریمخان، محەمەد (٢٠١٩ أ)، دامەزراندنی حکوومەتی پەرەسەندنگەرا؛ ڕێچاری بەهێزبوونی باشووری کوردستان، خانەی هزریی کوردستان، سایتی پێنووس، هەولێر، www.penus.krd، ڕۆژی سەردان: ٣٠/٩/٢٠١٩.

- کەریمخان، محەمەد (٢٠١٩ ب)، دامەزراوەی سیاسەتدانانی ستراتیژیک و پەرەسەندنی کوردستان، خانەی هزریی کوردستان، سایتی پێنووس، هەولێر، www.penus.krd، ڕۆژی سەردان: ١٨/١٠/٢٠١٩.

- گولَپی، جیهانگیر صدیق (٢٠١٨)، کێشەی دارایی هەرێم: ڕەهەند و بەرپرسیارێتی و چارەسەرەکان، هەولێر: http://www.penus.krd/news883-74.htm. ڕۆژی سەردان: ٢٠/٨/٢٠١٨.

- گـوۆرتنی، جەیمـس، ڕیچـارد سـتروپ، دوایـت لـی (٢٠٠٩)، ئـابووریی بە زمانی سادە؛ ئەوەی پێویستە هەموو کەسێک بیزانێت دەربارەی سامان و خۆشگوزەرانی، وەرگێڕانی بەختیار کەریم، چرای ئازادی.

- وەزارەتـی پلانـدانان (٢٠١٢) هەرێمـی کوردسـتان؛ دیـدگایەک بـۆ ئاینـدە ٢٠٢٠، هەولێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــر: http://www.mop.gov.krd/resources/MoP%20Files/Newsletter/kurdistan_region_of_iraq_2020_new.pdf. ڕۆژی ســــــــــەردان: ٢٠١٧/١١/٩.

- ئیسماعیل فەقی، ئەکرەم (٢٠١٤)، ئاستەنگە سیاسی و دەستوورییەکانی بە دەوڵەت بوونی هەرێمی کوردستان، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

**فارسی**

- بشیریه، حسین (١٣٨٢)، موانع توسعه سیاسی در ایران، تهران: نشر گام نو.

- پاتنـام، رابـرت (١٣٨٠)، دموکراسـی و سـنتهـای مدنی، ترجمـه محمـدتقی دلفروز، تهران: روزنامه سلام.

- تفضلی، فریدون (١٣٧٥)، تاریخ عقاید اقتصادی، تهران: شرفی.

- جون چانگ، ها (١٣٩٥)، بیست و سه گفتار درباره سرمایەداری؛ پیرامون نکـاتی کـه آنهـا را بـروز نمـیدهنـد؛ ترجمـه ناصـر زرافشـان، تهـران: مهـر ویستا.

- دادگـر، یداللـه (١٣٨٣)، تـاریخ تحـولات اندیشـه اقتصـادی، تهـران: دانشـگاه مفید.

- رمضانی باصری، عباس اصغر فردی، تبیین نهادگرایی و گرایش آن به توسعه، مجله اقتصادی، شماره ۳ و ٤، تهران: خرداد و تیر ۱۳۹۳، ص ۱۲۱-۱۳۸.

- زکریا، فرید (۱۳۹۰)، آینده آزادی؛ اولویت لیبرالیسم بر دموکراسی، ترجمه امیر حسن نوروزی، تهران: طرح نو.

- سریع‌القلم، محمود (۱۳۹٦)، عقلانیت و توسعه نیافتگی ایران، تهران: فرزان روز.

- علیزاده‌ثانی، محسن، الوانی، سیدمهدی (۱۳۸٦)، تحلیلی بر کیفیت حکمرانی خوب در ایران، مجله مطالعات مدیریت بهبود و تحول، شماره ۵۳، صص ۲٤-۱.

- کاک‌حمد، محمد (۱۳۹۷)، سیاست‌گذاری توسعه در اقلیم کردستان؛ آسیب-شناسی سیاست‌های توسعه اقتصادی ۲۰۱۸-۲۰۰۵، پایان نامه مقطع دکتری، تهران: دانشگاه تهران.

- لسانی، ابولفضل (۱۳۵۷)، طلای سیاه یا بلای ایران، تهران: مؤسسه انتشارات امیرکبیر.

- مارش، دیوید و جری استوکر (۱۳۸۸)، روش و نظریه در علوم سیاسی، ترجمه دکتر امیرمحمد حاجی یوسفی، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

- متوسلی، محمود (۱۳۸۹)، توسعه اقتصادی: مفاهیم، مبانی نظری، رویکرد نهادگرایی و روش‌شناسی، تهران: سمت.

- ملکمحمدی، حمیدرضا (١٣٩٤)، مبانی و اصول سیاستگذاری عمومی، تهران: سمت.

- نورث، داگلاث (١٣٧٧)، نهادها، تغییرات نهادی و عملکرد اقتصادی، ترجمه محمد رضا معینی، تهران: سازمان برنامه و بودجه.

## ئینگلیزی

- Castells, M. (1992), “Forur Asian tigerswith a dragon’s head”, in R. P. Appelbaum and J. Henderson (eds) States and Development in the Asian Pacific Rim (Newbury Park, CA, Sage), pp. 33-70.

- Heico, Kerkmeester, (1999), [Institutional] Methodology: General, Encyclopedia. Low & Economics, pp. 383- 395.

- Huntington, Samuel (1968), Political Order in Changing Societis, New Haven, CT: Yale University Press.

- Jameson, P. Kenneth (2006), "Has Institutionalism Won the Development Debate?", Journal of Economic Issues, Vol. 3, No. 3.

- Knak, Stephen & Philip Keefer (1997), "Dose Social Capital Have Economic Pay off? Across-Country Investigation", Quarterly Journal of Economic, No. 1, November.

- Leftwich, Adrian, (2004), What is Politics, the Activity and its Study, Cambridge: Polity Press.

- Luciani, Giacomo, (1986), the Rentier State in the Arab World, in the Arab State, London: Ruttedge.

- Myrdal, Gunnar (1968), Asian Drama: An Inquiry into the Poverty of Nations, New York: Pantheon.

## The Pathology of Economic Development Policy in Kurdistan region


### Abstract:

Recent economic and political fluctuation and crisis in Kurdistan region caused instability in economic policy and political economy. Consequently, these important parameters they stopped developing and it prevents government to have long term development plan in the region. Even the present apparent developments are not sustainable and mostly they just spurt economy. Beside current complicated political structure, lack of suitable theory and knowledge of planning is another reason for current situation in the Kurdistan. In the present paper, economic policy for development based on pathology of theory of new institutionalism which it is appropriate theory for localization, has been investigated in order to find appropriate plan for future by considering current trend of economic policy in Kurdistan. Main weak economic policy question in this study is what are reasons for in the Kurdistan and for answering this question, hypothetically economic instability, weak policy, incomprehension of current special political, economic and social situation and also individualism were recommended.



Regional Government, Theory of new **Keywords:** Kurdistan
institutionalism, policy, economic policy, pathology.

## آسیب‌شناسی سیاست توسعه‌ی اقتصادی در اقلیم کردستان


### چکیده

بنا به فراز و نشیب اقتصادی و اوضاع سیاسی اقلیم کردستان، چینش اقتصاد سیاسی و سیاست اقتصادی آن از مطلوبیت آنچنانی برخوردار نیست و در واقع پا به مرحله‌ی اولیه‌ی توسعه و طراحی استراتژی بلندمدت نگذاشته است. طوریکه پیشرفت‌های صوری که تا کنون حاصل شده نیز بیشتر جنبه‌ی رشد را داشته است نه توسعه. علاوه بر وضعیت ساختاری-سیاسی آن، یکی از عوامل آسیب‌پذیری اقتصادی، فقدان یک نظریه‌ی متناسب و ضعف دانش سیاست‌گذاری است. در این نوشتار سعی بر آن است تا سیاست اقتصادی به منظور توسعه در چارچوب نظریه‌ی نونهادگرایی، که قابلیت بومی‌سازی را دارد، آسیب-شناسی شود و با نگاه به جریان سیاست اقتصادی کردستان، راهکارهای کاربردی جهت بافت مجدد سیاست اقتصادی در آینده در نظر گرفته شود. پرسش محوری نگارش حاضر این است که عوامل ضعف سیاست اقتصادی در کردستان کدامند؟ در پاسخ فرض بر این است که به نظر می‌رسد بخشی از دلایل ناکارآمدی اقتصادی ضعف اقتصادی، ضعف سیاست و عدم شناخت وضعیت ویژه‌ی سیاسی، اقتصادی و اجتماعی و نگاه تک‌بعدی به اقتصاد می‌باشد.



**کلیدواژه:** حکومت اقلیم کردستان، نظریه‌ی نونهادگرایی، سیاست-گذاری، سیاست اقتصادی، آسیب‌شناسی